دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتـــانی ئێـــران

ژمارە ٦٨٦، پێنجشەممە، ١٥ ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٦، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن لە ئێراندا ← ٢

لە پیرانشار پێشمەرگەیەک شەهید بوو ← ٢

مستەفا هیجری سەردانی پارلمانی ئاڵمانی کرد ← ٣



خوێندنەوەی ڕاسان لە دەلاقەی هەواڵێکەوە ٥



دڕک لە چاوی خۆیاندا نابینن ٦



لوڕەکان کێن و لوڕستان لە کوێیە؟ ٨



ڕۆستەم جەهانگیری: بە مەسئوولیەتەوە دەڵێم ناکشێینەوە و ... ١٠

# ڕاسان ڕاناوەستێت

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەنگۆی کشانەوەی هێزەکانی خۆی لە سنوورەکانی نێوان کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور بە تەواوی ڕەت دەکاتەوە.

پاش ئەوەی کە لە هێندێك لە میدیاکاندا بە شێوەیەکی ئامانجدار، هەواڵی کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە ناوچە سنوورییەکان بڵاو بووەوە، بەرپرسانی پێوەندیدار لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئەو هەواڵەیان بە تەواوی ڕەت کردەوە.

لەو پێوەندییەدا ڕۆستەم جەهانگیری، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی شۆرای نیزامیی حیزبی دێموکرات لە وتووێژێکدا لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی تیشك، ڕایگەیاند: "کشانەوەمان ئەسڵ و ئەساسی نیە و لە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا شتی ئاوامان باس نەکردووە و ناچینە ژێر باری هیچ گوشارێکیش و من بە مەسئوولیەتەوە ئەمە ڕەت دەکەمەوە".

بەرپرسی شۆرای نیزامیی حیزب لەو وتووێژەدا ڕایگەیاند: "کاتێك بڕیارمان دا کە قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانمان لە ڕۆژهەڵات دەست پێبکەین، هەموو لایەنەکانی ئەو خەباتەمان لێك داوەتەوە و دەستمان بۆ هەموو دۆست و ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردیش درێژ کردووە کە هاوکار و یارمەتیدەرمان بن لەم خەباتەدا و چاوەڕوانیمان لە براکانمان لە باشوور هەبووە و هەیە کە لانیکەم ئەگەر هاوکاریمان ناکەن، با ئاستەنگیشمان بۆ دروست نەکەن، چوونکە ئەو خەباتەی ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵات دوژمنی وەلەرزە خستووە، دەبێتە پاڵپشتێکی باش بۆ هەرێمی کوردستان و حیزبەکانی، کە چی دیکە ئیزن بە ڕێژیم نەدەن کە گوشار بخاتە سەر هەرێم یان ناوچەکە بکاتە مەیدانی ڕمبازێنی خۆی".

بەڕێز جەهانگیری لە پێوەندی لەگەڵ گوشارەکاندا بۆ ڕاگرتنی قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکرات گوتی: "ئەو گوشارانە لە لایەن هەر لایەکەوە بێت بۆ ڕاگرتنی ئەو خەبات و بەرخودانەمان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتدا، لە لایەن ئێمەوە بە تەواوی مەردوودە و قبووڵی ناکەین. ڕۆژی یەکەمیش کە ڕێبەریی حیزب بڕیاری لەسەر داوە، لە سەر ئەساسی لێکدانەوە و خوێندنەوەی واقیعی سیاسیی ناوچەکە و ئێران بووە و چەندین ساڵە کە هەوڵمان بۆ ئەمە داوە و کۆسپ و ئاستەنگەکانی سەر ڕێی ئەو خەباتەش کە تەنیا لە لایەن باشوورەوە نەبووە، لێکمان داونەتەوە و هەروەها باج و هەزینەی ئەو خەباتەشمان لە بەرچاو گرتووە، بۆیە لە پێناو سەرخستنی ئەو خەباتەدا ئامادەی هەر چەشنە قوربانیدانێك بووین و دەبین". ناوبراو هەروەها ئەوەشی زیاد کرد: "ئەو نرخەی کە ئەمساڵ بە خوێنی باشترین ڕۆڵەکانمان درا، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە ئامادەین بۆ هەموو نرخدانێك".بەڕێز جەهانگیری لە درێژەدا وێڕای پێداگری لە سەر ئەوەی کە پێویستە پارچەکانی کوردستان قووڵایی ئیستراتژیکی یەکتر بن، ڕایگەیاند: "خەباتی ئێمە پشتیوانێکی گەورەیە بۆ باشوور و فاکتەرێکە بۆ دابینکردنی سەقامگیری و ئاسایشی باشوور. بۆیە حکوومەتی باشوور نابێ هەمان گوشار کە دەوڵەتانی زاڵ بە سەر کوردستاندا بۆ خەباتگێڕانی پارچەکانی دیکەی دەهێنن دووپات بکاتەوە، چوونکە ئێمە یەك نەتەوەین و قازانج و بەرژەوەندیمان پێکەوە گرێ دراون. بە کورتی فەلسەفەی خەباتمان ئەوەیە کە ئیتر ئیزن نەدەین کە ڕۆژهەڵات ئیزۆلە بکرێت و گەلەکەمان لەوە زیاتر بچەوسێندرێتەوە".



# مەریوان دژ بە جادەکانی مەرگ ڕاپەڕی



خەڵکی شاری مەریوان لە هەمبەر کەمتەرخەمی بەرپرسانی ڕێژیم سەبارەت بە مەترسیی تانکەرەکانی سووتەمەنی بۆ سەر ژیانی هاووڵاتییان خۆپیشاندانیان بەڕێوە برد.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕۆژی سێشەممە ١٣ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، خەڵکی شاری مەریوان دژی هاتوچۆی تانکەرەکانی هەڵگری سووتەمەنی لە ڕێگاوبانەکانی ئەو شارەدا کە ژیانی هاووڵاتیانیان خستووەتە مەترسییەوە، خۆپیشاندانێکیان بەڕێوە برد.

هاووڵاتییانی شاری مەریوان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی خۆیان بەرانبەر بە کەمتەرخەمیی بەرپرسانی ڕێژیم لە هەمبەر ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانەداکە بە هۆی تانکەرەکانی سووتەمەنییەوە ڕوو دەدەن، ئەو خۆپیشاندانەیان بەڕێوە برد.

هەروەها کەمپەینێك لەژێر ناوی "نا بۆ تانکەری مەرگ" لە لایەن چالاکانی کوردەوە پێك هاتووە کە داواکارن کێشەی هاتووچۆی تانکەرەکانی سووتەمەنی کە ژیانی خەڵکی خستووەتە مەترسییەوە، چارەسەر بکرێت.

تانکەرەکانی هەڵگری سووتەمەنی لە شارەکانی کوردستان تا ئێستا چەندین کارەساتی دڵتەزێنیان خولقاندووە.

بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران و وەزارەتی ڕێگاوبان تا ئێستا هیچ هەنگاوێکیان بۆ چارەسەریی ئەو کێشەیە هەڵنەگرتووە.

ئەو خۆپیشاندانەی خەڵکی شاری مەریوان دوابەدوای ئەوە ڕووی دا کە کاتژمێر ١٠ی شەوی سێشەممە ڕێکەوتی ٦ی ڕەزبەر لە جادەی "نگلّ" لە نێوان سنە — مەریوان تانکەرێکی هەڵگری سوتەمەنی وەرگەڕا و بەو هۆیەوە ٦ ماشینی دیکەی تووشی ڕووداو کرد.

لەم ڕووداوەدا دەستبەجێ هاووڵاتییەکی مەریوانی بەناوی "عەمار عەمیدی" گیانی لە دەست دا و چەندین کەسی دیکەش بریندار بوون کە سێ کەس لەوانە پاش گواستنەوەیان بۆ نەخۆشخانە، بە هۆی قورسیی برینەکانیانەوە گیانیان لە دەست دا کە شوناسیان بریتییە لە: "میلاد ئازەری خەڵکی مەریوان، ئیسماعیل بازگیر خەڵکی گوندی حەسەن قرەی مەریوان و شەروین سەوزە خەڵکی نۆدشە".

بوونی ڕێگاوبانە ناستانداردەکان کە زیاتر بە ئامانجی سەربازی و بۆ زەبروەشاندن لە بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستان دروست کراون، یەکێك لە سەرەکیترین هۆکارەکانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە کوردستاندایە کە ساڵانە سەدان کەس دەکاتە قوربانی.

## پەیف

### شەڕی ڕەوانی

کەریم پەرویزی

کۆماری سێدارەی ئیسلامی، لە ڕێگەی هێرشی نیزامی و وەگەڕخستنی دەزگای داپڵۆسێنەری ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سەپاوە، تاکە بەهەڵوێستەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەنێو دەبا و هێزێکی بەربڵاوی سەرکوت و ئەشکەنجە وەڕێ دەخا، تاکوو ئەو تاکانەی نێو کۆمەڵگای کوردستان بدۆزنەوە کە خاوەنی بیر و باوەڕن و هەڵوێست دەگرن لە بەرانبەر ستەمکاری و دڕندەیی ڕێژیمدا و لە سەر ئاواتە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکان سوورن.

بەڵام لە ڕەهەندێکی دیکەدا، دوژمنی سەرەکیی کورد واتە کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە سیاسەتە فاشیستی و شۆڤێنیستییەکانی و بە تاکتیکی "پەرت کە و زاڵ بە" و بە بەکاربردنی ئامراز و تێکنیکەکانی شەڕی ڕەوانی و تەبلیغی، دەیەوێ کۆمەڵگای کوردستان لە نێوەوە بڕووخێنێ و بەچۆکیدا بێنێ.

ئەگەر لە شەڕ و تاکتیکە نیزامی و ئەشکەنجەگەرانەکانیدا تەنیا دەتوانێ گوشار بۆ سەر تاک بێنێ و تاکێکی کۆمەڵگا لەسێدارە بدا، یان ڕۆڵەیەکی ڕاپەڕیو شەهید بکا، بەڵام بە شەڕی تەبلیغی و سیاسەتە گڵاوەکانی دەیەوێ کۆمەڵگایەک دەستەمۆ بکا.

ڕەهەندەکانی شەڕی ڕەوانی ئێجگار زۆرن، بەڵام یەکێک لە مەترسیدارترین ڕەهەندەکانی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتی "پەرت کە و زاڵ بە" تا ئەو جێگایە دەچێتە پێش کە هێز و لایەن و تەنانەت تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان و بەتایبەت ئەوانەی کە خاوەنی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەن و دژ بە ستەمکاری دەوەستنەوە، لێک داببڕێن و هەر کامەیان بە چاوی گومان لەوی دیکە بڕوانن و ئەوی دیکە بە بەزیو و تەزیو و ملکەچی ئەم دوژمن یان ئەو دوژمن ناو ببەن و تێکۆشان و خەباتی یەکدی بە خزمەت بە فلان و فلان ناو ببەن و ئەم بەو بڵێ تۆ لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی دوژمندا دەچیتە پێش.

ئەم شەڕ و دووبەرەکی سازکردن و دڕدۆنگی پێکهێنان و ڕۆژێک پشتی ئەم گرتن و ڕۆژێ لە ئەویدی گورز وەشاندن، وا دەکا کە کۆماری ئیسلامی دەبێ بە

درێژە لە لاپەڕەی ٢

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن لە ئێراندا

ساڵی نوێی خوێندن لە فێرخوازان و مامۆستایان پیرۆز بێ هاونیشتمانیانی بەڕێز، سەرەتای ساڵی خوێندن لە ئێراندا، هاوکاتە لەگەڵ سەرەتای وەرزی پاییز و بە گۆڕینی کەشوهەوا لە ئێراندا، لەگەڵ دابەزینی گەرما، وەرزی نوێی تێکۆشان لە پێناوی زانست و فێربووندا دەست پێدەکا.

وەرزی زانست و خوێندن لە ئێراندا، بۆ هەموو قوتابی و فێرخوازان، سەرەتای ساڵێکی دیکەیە لە ڕەوتی پێگەیشتن و بارهاتن و زانستپەروەری تاکوو خۆیان بە چەکی زانست و تێگەیشتن بۆ گرتنەدەستی داهاتووی وڵات تەیار بکەن.

هاوکات بۆ مامۆستایانی قوتابخانەکانیش وەرزێکی نوێی تێکۆشانە بۆ بارهێنانی منداڵان و لاوانی وڵات، تاکوو بە ڕەنج و تێکۆشانیان، نەوەی دواڕۆژی وڵات فێری زانستی سەردەم بکەن و لە نەزانی و نەزانپەرستی دووریان بخەنەوە.

بەم بۆنەوە پیرۆزبایی لە سەرجەم قوتابیان و فێرخوازان و هەموو مامۆستایانی تێگەیشتوو و زانستپەروەر لە ئێراندا دەکەین و هیوامان وایە کە لەم ساڵەی نوێی خوێندندا خەرمانی زانستی ئەمڕۆیی و زانستی مرۆڤتەوەرانە لە قوتابخانە و لە مێشکی منداڵاندا پڕ بەرهەمتر بێ.

هاوکات لەگەڵ وەرزی نوێی خوێندن، بۆ فێرخوازان و مامۆستایان لە ئێراندا گرفت و ڕەنجێکی زیادیش لە سەر ڕێگایە کە ئەویش تێخزاندنی وانەی ئیدئۆلۆژیک و دواکەوتوانە لە نێو وانەکانی خوێندندایە کە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهی، لەوپەڕی دژایەتیی لەگەڵ پەروەردەی زانستی و مرۆڤتەوەرانەدا، وانەی نەزانپەرستی و دواکەوتوویی بۆ منداڵان و لاوانی ئێران دەڵێتەوە، کە لە هەموو پەلەقاژەکانیشی‌دا شکستی خواردووە، چوونکە دوای ٣٦ ساڵ لە کودێتا فەرهەنگییەکەیان بەسەر زانستگادا لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاویدا، هێشتا هەر باس لە پرۆسەی بەناو ئیسلامی‌کردنی خوێندن دەکەن و هێشتاش پۆل پۆل لاوانی ئێران کە لە پرۆسەی خوێندنی ژێر دەستی ئیدئۆلۆژیی ویلایەتی فەقیهیدا خوێندنیان تەواو کردوە، بەتەواوی دژی بنەما تیرۆریستیەکانی بیری ویلایەتی فەقیهی دەوەستنەوە.

ئەرکی مامۆستایانی تێگەیشتوو و زانستدۆست و مرۆڤدۆستە کە بەپێچەوانەی وانەکانی کۆماری ئیسلامی، منداڵان و لاوان لەگەڵ پەروەردەی ئەمڕۆیی و بیری ئازادیخوازی و زانستپەروەری ئاشنا بکەن و باریان بێنن.

لە ئێرانی ژێردەستی دەسەڵاتی ستەمکاراندا، وەرزی نوێی خوێندن، هاوکاتە لەگەڵ وەرزی نوێی سڕینەوە و هێرشبردن بۆ سەر زمانی دایکی. لە ئێرانی داگیرکراو لەلایەن دەسەڵاتدارانی ملهوڕ و دژە ئازادییەوە، زمانی دایکی لە پرۆسەی خوێندندا قەدەغە کراوە و منداڵانی نەتەوە ستەملێکراوەکان و یەک لەوان نەتەوەی کورد بە زمانی بێگانە بۆ ئەوان، دەبێ پرۆسەی خوێندن و فێربوون بەڕێوە ببەن و ئەمە سەرەتای کوشتاری سپیی فەرهەنگییە لە ئێراندا. لە ڕاستی‌دا ساڵی نوێی فێربوون، لەهەمانکاتدا ساڵی نوێی دەسپێکردنەوەی کوشتاری فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکان لە ئێراندایە .

لاوانی بەهەست و مامۆستایانی شۆڕشگێڕ و خەباتکار، ئەرکی قورسیان لەو پێوەندیەدا دەکەوێتە سەرشان کە ئەویش بریتییە لە کردنەوەی ڕێگای مومکین بۆ فێربوون و خوێندنی زمانی دایکی، تا بەم شێوە هەم زمانی دایکییان بپارێزن و هەم بە گژ سیاسەتە شۆڤێنیستییەکانی ڕێژیمی دەسەڵاتدار و ئیدئۆلۆژیی حاکمدا بچنەوە.

بەهیوای ئەوەی کە بە ڕووخانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی، سیستمی خوێندن و فێرکردن لە ئێران و لەنێو نەتەوەکانی ئێراندا ببێ بە سیستمێکی ئەمڕۆیی و مرۆڤ تەوەر و دوور لە هەڵاواردن و سڕینەوە.

جارێکی دیکە ساڵی نوێی خوێندن لە هەموو قوتابیان و مامۆستایان لە ئێراندا و بەتایبەت لە فێرخوازان و مامۆستایانی کورد پیرۆز بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٣ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی

## لە پیرانشار پێشمەرگەیەک شەهید بوو

لە درێژەی گەڕانی سیاسی ـ تەشکیلاتیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی موکریان، کاتژمێر ٨ی ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی (١٨ی سێپتامبری ٢٠١٦) هێزێکی پێشمەرگەی حیزب لە ناوچەی پیرانشار لە نێوان ئاواییەکانی "قەبری حسێن" و "پردانان"، لەگەڵ هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم تووشی تێکهەڵچوون بوون. لە ئاکامی ئەو تێکهەڵچوونەدا، ژمارەیەك لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و بریندار بوون و پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بە ناوی "ڕەحیم عەبدوڵڵانژاد" کوڕی ئەبوبەکر، ناسراو بە "ڕەحیم گەرگوولی" بریندار بوو، کە بەداخەوە بە هۆی کاری‌بوونی برینەکەیەوە پاش چەند ڕۆژ شەهید بوو، و لە لایەن هاوسەنگەرانیەوە بە خاکی پیرۆزی کوردستان ئەسپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی شەهید ڕەحیم و هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچەکە بە گشتی دەکات و هیوای بەردەوامیی تێکۆشان و پڕ ڕێبوار بوونی ڕێبازەکەی دەخوازێت.

## سێمینارێکی سیاسی و تەشکیلاتی بۆ مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە نۆروێژ بەڕێوە چوو

مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی نۆروێژ سێمینارێکی سیاسی و تەشکیلاتی بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لەو وڵاتە بەڕێوە برد.

لە درێژەی کار و چالاکییەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، مستەفا هیجری لە دەرەوەی وڵات، لەسەر داوای ناوبراو بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ٤ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، سێمینارێکی سیاسی و تەشکیلاتیی بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لەو وڵاتە پێکهێنا.سێمینارەکە بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی گەل و بەتایبەتی شەهیدانی ئەو قۆناغەی خەباتی حیزبەکەمان دەستی پێکرد.پاشان بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە نۆروێژ ئیبراهیم مەلاجانی لە لایەن ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و بەشدارانی کۆبوونەوەکە بەخێرهاتنی سکرتێری گشتیی حیزبی کرد و هیوای خواست کە ئەو کۆبوونەوە ببێتە هەوێنی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بۆ باشتربوونی کاری حیزب و بەهێزبوونی تەشکیلات لەو وڵاتە.پاشان مستەفا هیجری بە تێروتەسەلی باسی هەلومەرجی خەبات و تێکۆشانی ئێستای حیزبی دێموکرات و قۆناغی ئەمڕۆی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانی کرد و شوێن و پێگەی حیزبی دێموکراتی لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە و ئێراندا دایە بەر تیشکی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە.هیجری لەو پێوەندییەدا فوکوسی خستە سەر ئەو حەرەکەتە تازە کە حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵاتدا وەڕێی خستووە، ستراتیژی و ئامانجی ئەو جووڵانەوەی شی کردەوە و ئەرکەکانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی لەو بارەوە دەستنیشان کرد. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات هەروەها ڕێگاکانی بەشداری و یارمەتی بەو خەباتەی لەگەڵ ئەندامانی حیزبی دێموکرات هێنایە گۆڕێ و لە وتەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە کرد کە؛ پێویستە لاپەڕەیەکی تازە لە ژیانی سیاسی و تەشکیلاتیی خۆماندا بکەینەوە و خۆمان هەڵکێشینە ئاستی پێگە و ئەو بەرپرسایەتییەی کە خستوومانەتە سەرشانی خۆمان وەک حیزبی دێموکرات. هیجری هەر لە درێژەی ئەوباسەدا داوای لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات کرد کە؛ هەموو توانا و وزەکانی خۆیان بۆ بردنەپێشی خەبات و بەهێزکردنی سەنگەرەکانی بزووتنەوەی میللی دێموکراتی گەلەکەمان تەرخان کەن و دەستی هاوکاری و هاوخەباتی بۆ هەموو هێز و کەسایەتی و لایەنە سیاسی و نیشتیمانی و دێموکراتیکەکانی نێو گۆڕەپانی بزووتنەوەی گەلەکامان درێژ کەن.مستەفا هیجری لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، ڕێنموونیی کرد کە؛ تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات دەبێ ببێتە ماتۆڕی بردنەپێشی ئەو سیاسەتە.

بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە توانای خۆمان بۆ گوێ گرتن لە خەڵک و کەس و لایەنەکانی دیکە بەرینە سەر، سینگ فراوانی و هەست بە بەرپرسایەتی کردن بکەینە شێوازی کار، ئاستی دیسپلینی حیزبی و خەباتگێڕانەمان بەرینە سەرتر، مەیدان بە هەموو ئەو کەسانە بدەین و کۆمەکیان بکەین کە لەو خەباتە دەیانهەوێت بەشدار بن و مایە لە خۆیان دادەنێن، خۆمێحوەربینی وەلانێین و ببینە هەوێن و لۆکۆمۆتیڤی بردنەپێشی ئەو بزووتنەوەیە. بە کەس مەیدان نەدەین و نەهێڵین ئاستی ئەدەبیاتی حیزبی و سیاسیی و ڕێتۆرێکی ئێمە بێننەخوار و بمانخەنە داوی شەڕە دندووکەی بێ‌مانا و چاڵەمەیدانی. تێکۆشین قازانج و بەرژەوەندییەکانی میللەتی خۆمان بەرینەپێش و هەڵوێست و کاری سیاسیمان و تەنانەت دژکردەوەکانیشمان هەڵسەنگێنراو بن. هیجری داوای کرد کە؛ وەک حیزبێکی بەرپرس و وەڵامدەر پێویستە ئەخلاق لە پێوەندییە حیزبی و تەشکیلاتییەکانماندا و لە پێوەندی لەگەڵ کەس و لایەنەکانی دیکەی نێو گۆڕەپانی خەباتدا پتر پەرە پێ‌بدەین. هەر لەو بارەوە ناوبراو داوای کرد کە؛ هەموو پێکەوە دەست دەینێ ئەو سیاسەتە تازانەی حیزبی دێموکرات بکەینە کردەوەی ڕۆژانە و جەوهەری تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتی خۆمان.پاشان بەشدارانی کۆبوونەوەکە بەشێوەیەکی بەرین لەسەر باسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و ئەو مەسەلە و باسانە کە ئێستا لە نێو تەشکیلاتی حیزبدا لە گۆڕێدان قسەیان کرد و پرسیار و ڕوانگە و پێشنیارەکانی خۆیانیان هێنایە گۆڕێ، کە بەو باسانەیان سێمینارەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.لە کۆتایی باسەکەدا مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە باشی و ڕوونی وەڵامی پرسیار و تێبینییەکانی بەشدارانی سێمینارەکەی دایەوە.

## ژیاننامەی شەهید ڕەحیم عەبدوڵڵا نژاد

**"گەلێک ئازادیی بوێت دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات"**
**دوکتور قاسملوو**

ڕەحیم عەبدوڵڵا نژاد، کوڕی ئەبوبەکر، ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە گوندی گەرگوولی ناوچەی نەغەدە چاوی بەڕووی نیشتمانەکەیدا هەڵێنا.

پاش تێپەڕاندنی تەمەنی ساوایی، لە ئاوایی گەرگوول نرایە بەرخوێندن و قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیی لە گوندەکەیان بە سەرکەوتنەوە تێپەڕاند. ئازار و مەینەتییەکانی گەلەکەی و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئازادی و ئاوەدانیی گەڵ و نیشتمان، ڕەحیمی لاویان کردە ئۆگری حیزب و پێشمەرگە.شەهید ڕەحیم ساڵی ١٣٨٠ی کۆچیی هەتاوی، بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیی پۆشی و چەکی پارێزگاری لە گەل و نیشتمانەکەی کردە شانی. ڕەحیم گەرگوولی چالاکانە هەوڵی دا تواناکانی بۆ خزمەت بە حیزب و بزووتنەوەکەی بەکار بێنێ و لە درێژەی کار و خەباتی‌دا، ساڵی ١٣٨٩لە ناوەندی ٣ ی کوردستان بە پلەی کادری بەرپرسایەتی وەئەستۆ بگرێ.

ڕەحیم عەبدوڵڵانژاد کادرێکی هەڵسووڕ و ماندوو نەناس، پێشمەرگەیەکی بوێر و بەدەستوبرد و هاوڕێیەکی خۆشەویست و لەبەردڵانی هاوڕێیەکانی بوو، بە هۆی تێکۆشان و دڵسۆزی و هەستی بەرپرسایەتییەوە ٣جار لە لایەن ناوەند و کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامییەوە بە فەرمی و بەنووسراوە ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی گیرا.هاوڕێ ڕەحیم ڕۆژی ٢٨ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە نزیک گوندی قەبری حوسێنی ناوچەی پیرانشار لە تێکهەڵچوونێکی هێزی پێشمەرگە و سپای داگیرکەری دوژمندا بە توندی بریندار دەبێ و سەرەڕای هەوڵی زۆری کادرە دەرمانییەکانی هاوڕێی، لە بەر سەختیی برینەکەی شەهید دەبێ و درێژەی خەبات و فیداکاری تا وەدیهاتنی ئامانجەکانی حیزبەکەی بە هاوسەنگەرانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەسپێرێت.

ڕێگای بەردەوام و ئاڵای خەباتی
شەکاوەیە

## هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە پرسەی سەید حەسەن عەلیزادەدا کرد

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی حەسەن شەرەفی، بەشداریی لە پرسەی سەید حەسەن عەلیزادەدا کرد.

دوانیوەڕۆی پێنجشەممە ٨ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، بەشداریی لە پرسەی «سەید حەسەن عەلیزادە» باوکی «ئیبراهیم عەلیزادە» دەبیر ئەوەڵی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)، کرد و هاوخەمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەو پەیوەندییەدا ڕاگەیاند.

تەرمی سەید حەسەن عەلیزادە سەر لەبەیانیی هەمان ڕۆژ، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەدی هیندی، لە شاری سلێمانی بە خاک سپێردرا و هەیئەتیکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی تاهیر مەحموودی بەرپرسی پێوەندییەکانی سلێمانی بەشدارییان لەو ڕێوڕەسمەدا کرد.

لە ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردنی بەڕێز سەید حەسەن علیزادەدا، ئاماژە بە ڕۆڵی بەڕێزیان لە کۆماری کوردستاندا کرا. سەید حەسەن علیزادە لەسەر حیزبی دێموکرات تووشی زیندان و بێ‌ڕێزیی حکوومەتی شاهەنشاهی بووەتەوە و دواتر لە حوکمی زیندانی تاهەتایی دەربازی بووە و هەروەها ئامادە نەبووە لە زینداندا ئیعتراف لەسەر هاوڕێیانی حیزبیی خۆی بکات. دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، وەک کەسێکی بەهەڵوێست و شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر ڕۆڵی بووە و دامودەزگاکانی ئیتلاعات زۆریان کێشە و گرفت بۆ دروست دەکرد و تەنانەت جارێکیان بە ماشێن لێیان داوە و هەردووڵاقی بۆ ماوەیەکی زۆر لە کار کەوتن. ناوبراو خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکە بووە و لە تەمەنی ٩٣ساڵی‌دا ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

## ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە شەهید ڕەحیم عەبدوڵڵانژاد بەڕێوە چوو

کۆڕی پرسە و سەرەخۆشیی شەهید ڕەحیم عەبدوڵڵانژاد لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، لە ساڵۆنی گشتیی ناوەندی ٣ی کوردستان، ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە شەهیدی نوێی خەباتی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو.لەو ڕێوڕەسمەدا ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب و بنەماڵەکانیان و بنەماڵەی شەهیدانی تازەی خەباتی حیزب بەشدار بوون و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ هەموو شەهیدانی حیزبی دێموکرات نوێ کردەوە.

دواتر ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشییان لە بنەماڵەی شەهید ڕەحیم کرد و جێگری سکرتێری گشتیی حیزب ڕایگەیاند کە؛ هەمووومان پێکەوە خەمەکان هەڵدەگرین و پێکەوەش لە شایی سەرکەوتندا بەشدار دەبین.

## لە باکووری کوردستان ڕێز لە شەهیدانی میکۆنوس گیرا

لە باکووری کوردستان و لە شاری دێرسیم بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی میکۆنوس ڕێوڕەسمێک بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، پارتی سوسیالیستی کوردستان لە شاری دێرسیم لە باکووری کوردستان، بە بەشداریی دەیان نووسەر و کەسایەتیی ناوداری ئەو شارە، لە بنکەی سەرەکیی پارتی سوسیالیستی کوردستان، ڕێوڕەسمێکیان بۆ یادی شەهیدانی میکۆنوس بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمەدا مەسعوود تەک، سکرتێری گشتیی پارتی سوسیالیستی کوردستان لە سەر کەسایەتیی بەرزی شەهید دوکتور شەرەفکەندی و هەروەها خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

تەک، بە ئاماژە بە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕۆڵی ڕێبەرانی ئەو حیزبە و بەتایبەتی شەهیدی ڕێبەر پێشەوا قازی لە دامەزرانی حیزب و کۆماری کوردستان، هەروەها شەهیدان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و تێرۆری ئەو دوو ڕێبەرە لە سەر مێزی وتووێژ، یەکیان لەگەڵ دوژمنی داگیرکەر و ئەوی دیکەیان لە گەل ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕێژیمە، زانیاریی بە بەشداران دا.مەسعوود تەك هەروەها ئاماژەی بە دۆستایەتیی دێرینی حیزبی دێموکرات و پارتی سۆسیالیست کرد.

## خەباتکارانی کورد دەڵێن بەردەوام دەبن

هەواڵدەریی ئاسۆشیێتد پرێس ڕاپۆرتێکی لەسەر خەباتی نوێی کورد لە کوردستانی ئێران بڵاو کردۆتەوە کە لەوێدا دەڵێ: گرینگترین ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی کورد لە کوردستانی ئێران دەڵێ کە؛ بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە ژیانی کوردانی ڕۆژهەڵات لەسەر خەباتی پێشمەرگانە بەردەوام دەبین.لە ڕاپۆرتێکدا کە هەواڵدەریی ئاسۆشیێتد پرێس بڵاوی کردۆتەوە، هاتووە کە؛ وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حەسەن شەرەفی دەڵێ: "ئێمە دەبینین کە خەڵکی کورد بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەستبەسەر دەکرێن، ئەشکەنجە دەدرێن و لە زیندان دەخرێن، بۆیە خەبات بۆ پاراستنی خەڵکەکەمان بە پێویست دەزانین و بڕیارمان داوە کە پێشمەرگە لە نێو خەڵکدا حوزووری هەبێ، نەک بۆ شەڕی چەکداری".

لینکی ڕاپۆرتەکەی
ئاسۆشیێتد پرێس:
Kurdish separatists say their
campaign in Iran will go on

### درێژەی پەیڤ

دیاریکەری گۆڕەپانی شەڕ و دیاریکەری یاسا و چوارچێوەکانی هەڵسوکەوت و دیارە کە جۆرێک کایەکە دەباتە پێش کە بەردەوام هەموو گرووپەکان لە لاوازیدا و دژ بەیەک بن و لە کۆتاییدا هەر چاو لەدەستی ئاغا و ئەربابێک بن کە وێکیان بێنێ.لە هەمووی مەترسیدارتر ئەو کاتەیە کە ئیرادە و ناسنامەی مرۆیی و نەتەوەیی خەباتکاران و تاکە خاوەن هەڵوێستەکانی کورد دەستکاری بکا و تێکیان بشکێنێ و بەلاڕێیاندا ببا کە بە کوژرانی ئەویتر بە دەستی دوژمنان خۆشحال ببن! ئەوە ئیدی ئەوپەڕی ڕووخاویی کەسایەتی و تێکشکاویی ئیرادە و کەرامەتی تاکێکە کە بە کوژرانی ڕۆڵەیەکی نیشتمان بەدەستی دوژمنێکی کوردستان شایی دەربڕێ، هەروەک نموونەمان لە نێو بەناو لایەنگرانی چەندین ڕێکخراو لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا بینیوە.شەڕێک کە لە بواری سیاسی و تەبلیغیەوە، بەتایبەت کۆماری سێدارەی ئیسلامی بەڕێوەی دەبا و بۆ تێکشکاندنی ئیرادەی نەتەوەی کوردە، دەبێ تاکە بەهەڵوێستەکانی کوردستان وشیاری ئەو شەڕە دژەمرۆییە بن.

## مستەفا هیجری سەردانی پارلمانی ئاڵمانی کرد

مستەفا هیجری لە سەردانی خۆیدا بۆ پارلمانی ئاڵمان باسی لەوە کرد کە؛ ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بەرپرسایەتی گەورەمان لە بەرانبەر خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سەر شانە و بە خوێندنەوەی ورد لە سەر داوای ڕەوای خەڵکەکەمان، بڕیارماندا لە ڕێگای هێزەوە بەرەنگاری ڕێژیم ببینەوە. شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرۆکایەتی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بە هاوڕێیەتی هیوا بەهرامی نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئاڵمان، لە سەفەرێکدا بۆ بێرلین، سەردانی پارلمانی ئەو وڵاتەیان کرد و لەگەڵ "د. یوهان ڤادێرفوول" وتەبێژی سیاسەتی دەرەوەی فراکسیونی پارتی دێموکرات مەسیحیی ئاڵمان کۆبوونەوە.

لەم چاوپێکەوتنەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وێڕای شی کردنەوەی دۆخی سیاسیی ئێران بە گشتی، چەندین بابەتی پەیوەندیدار وەکوو هەلومەرجی کوردستانی ڕۆژهەڵات، دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەکەدا و هەروەها پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نوێ لە لایەن حیزبەوەی، خستە بەر باس.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە بەشێکی قسەکانیدا گوتی: ئێمە نزیک بە بیست ساڵ خەباتی چەکداریمان بەرانبەر بە ڕێژیمی ئێران ڕاگرت و هەموو هێزی خومان خستە بواری کاری سیاسی و چالاکیی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەو هیوایە کە ڕێژیم لەمەڕ پرسی کورد ئاڵوگۆڕێکی ئەرێنی لە سیاسەتەکانیدا پێک بێنێت. بەڵام ڕێژیم نەک هەر ئەو نیەتپاکییەی ئێمەی بە هێند وەرنەگرت، بەڵکوو زەبر و زەنگی بو سەر خەڵکی کوردستان زیاتر کرد. ئێمەش وەک حیزبی دێموکرات بەرپرسایەتی گەورەمان لە بەرانبەر خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سەر شانە و بە خوێندنەوەی وردی خومان، لە سەر داوای ڕەوای خەڵکەکەمان، بڕیارماندا لە ڕێگای هێزەوە بەرەنگاری ڕێژیم ببینەوە. هەر لەم پەیوەندییەدا مستەفا هیجری گوتی: ڕێژیمی ئێران لە داعشێک کە هەموو وڵاتانی ئورووپایی و لەوانە ئاڵمان لە دژی وەستاونەتەوە، بۆ خەڵکی ئێران و هەموو ناوچەکە زیانی زیاتر و مەترسیدارترە. بۆیە تاکوو ڕێژیمی ئێران لە دەسەڵاتدا بێت، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاسایش و ئاشتی بە خۆیەوە نابینێت. د. ڤادێرفوول وێڕای دەربڕینی خوشحاڵی خۆی بۆ ئەم دیدارە گوتی: بۆ یەکەمینجارە کە لە گەڵ نوێنەری لایەنێکی کوردی دژبەری ئێران دادەنیشم و ئێستا دەتوانم بڵێم کە بە دیدێکی دیکەوە تەماشای ئێران دەکەم.

ڤادێرفوول هەروەها گوتی: ڕاستە ئێمە هەموو هەوڵی خومان خستە گەڕ تاکوو ڕێژیمی ئێران دەستی بە چەکی ناوکی نەگات، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوە تاقە کێشەی ئێمە لە گەڵ ئەو ڕێژیمەدا نیە. ناوبراو لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا گوتی، سیاسەتی حیزبی دێموکرات زۆر واقعبینانەیە و دەتوانێت بو بینینەوەی چارەسەری ئاشتیانە بنچینەیەکی زۆر لەبار بێت. ئێمە هیوادارین کە ڕێژیمی ئێران واز لەم سیاسەتەی ئێستای لە بەرانبەر پرسی کورد لە کوردستانی ئێراندا بهێنێت و ڕێگای ئاشتی بگرێتە بەر، و هەروەها گوتی: لە چاوپێکەوتنی داهاتوومدا لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران پرسی کورد لەو وڵاتە دێنمە بەر باس.

ڤادێرفوول لە کۆتاییدا وێڕای سوپاس بو سەردانی شاندی حیزبی دێموکرات، هیوای خواست لە سەردانی داهاتووی خۆیدا بو هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە لە گەڵ مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاوپێکەوتنی هەبێت.

## مستەفا هیجری لە پارلمانی ئاڵمان لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی دێموکرات مەسیحیی ئاڵمان کۆبووەوە

مستەفا هیجری لە پارلمانی ئاڵمان لە چاوپێکەوتن لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی دێموکرات مەسیحیی ئاڵمان ڕایگەیاند کە؛ ئێمە ڕاسانمان لە ڕۆژهەڵات ڕاگەیاند تاکوو بتوانین لە لایەک گەلەکەمان لە بەرانبەر زوڵم و زۆری ڕێژیم بپارێزین و لە لایەکی دیکەشەوە بە کۆماری ئیسلامی بڵێین، لە سەر داوا ڕەواکانمان سوورین و بە هیچ چەشنێک لە هەڵوێستەکانمان پاشەکشە ناکەین.لە درێژەی سەردانی شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ پارلمانی ئاڵمان، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٧ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی، مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کودستانی ئێران بە هاوڕێیەتی هیوا بەهرامی نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئاڵمان، لە لایەن "مارتین پازێلت" ئەندامی پارلمان سەر بە فراکسیۆنی پارتی دێموکرات مەسیحی "سی دی یو" و ئەندامی کۆمیسیونی مافی مرۆڤی پارلمان، پێشوازییان لێ کرا.

لە سەرەتای چاوپێکەوتنەکەدا پازێلت خۆشحاڵیی خۆی بۆ ئەم سەردانە دەربڕی و گوتی: ئەمە یەکەم جارە کە بتوانم ڕاستەوخۆ لەگەڵ پارتێکی کوردستانی ڕۆژهەڵات کۆببمەوە و ئەمەش لە زۆر ڕووەوە بۆم گرینگە.

پازێلت وێڕای ئەوەی کە مێژووی نەتەوەی کوردی بە مێژوویێکی پڕ لە زوڵم و زۆر و چەوسانەوە لەقەڵەم دا، لە هەمانکاتدا گوتی کە وڵاتانی ڕۆژئاوا و کۆمەڵێک سیاسەتوانی تاجێر بەشی شێریان لەم چەوساندنەوەی نەتەوەی کورددا بەردەکەوێت. هەر بۆیە من و هاوبیرانم لە فراکسیۆنی پارتی دێموکرات مەسیحی، کاتێک باسی دانی چەک بە هەرێمی کوردستان هاتە ئاراوە، وێڕای ئەوەی دژی توندوتیژین، بەڵام بە ڕاستمان زانی کە چەک بدرێتە هەرێم تاکوو بتوانن لە بەرانبەر دوژمنانیان لە خۆیان بەرگری بکەن. ناوبراو هەروەها ئامادەیی خۆی بو بەرگری لە مافەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاند و گوتی؛ پشتگیری لە داوا ڕەواکانتان دەکەین. دواتر مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، وێڕای سپاس بو ئەو کۆبوونەوەیە، ڕوانگەکانی حیزبی سەبارەت بە هێندێک پرسی گرینگی کوردستان، ئێران و ناوچەکە خستە ڕوو.هێجری لە قسەکانیدا بە وردی باسی لە کێشەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و باسی ئەوەی کرد کە؛ وێڕای ئەوەی حیزبی دێموکرات لە ٣٧ ساڵی ڕابردوودا هەردەم هەوڵی بە ئاشتیانە چارەسەرکردنی پرسی کوردی لە ئێران داوە و لەم ڕێگایەشدا گەورەترین ڕێبەری خۆی لەدەست دا، بەڵام ڕێککەوتن و ئاشتیخوازی لە جەوهەری کۆماری ئیسلامیدا نیە و ئەو ڕێژیمە پێی وایە چارەی هەموو کێشەکان بە زەبروزەنگ و سەرکوت دەکرێت. هەر لەم پەیوەندییەدا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات گوتی: ئێمە ڕاسانمان لە ڕۆژهەڵات ڕاگەیاند، تاکوو بتوانین لەلایەک گەلەکەمان لە بەرانبەر زوڵم و زۆری ڕێژیم بپارێزین و لە لایەکی دیکەشەوە بە کۆماری ئیسلامی بڵێین، لە سەر داوا ڕەواکانمان سوورین و بە هیچ چەشنێک لە هەڵوێستەکانمان پاشەکشە ناکەین. مستەفا هیجری هەروەها سەبارەت بە ڕۆڵی نەرێنیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا قسەی کرد و کۆماری ئیسلامیی بە هێزێک ناوبرد کە بەرژەوەندیی خۆی لە بوونی ئاژاوە و قەیران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەبینێت و بۆیە بووەتە ئەکتەری سەرەکیی خوڵقاندنی قەیران.

## مستەفا هیجری لەگەڵ کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان لە سەر ڕاسان وتووێژی کرد

مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی کۆبوونەوەکانی خۆی لەگەڵ بەرپرسانی دیپلۆماتکاری ئورووپا، لەگەڵ کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان کۆبووەوە.

مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٩ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، هاوڕێ لەگەڵ هیوا بەهرامی نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئاڵمان، سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمانیان کرد و لە گەڵ کاربەدەستانی ئەو وەزارەتخانەیە کۆبوونەوە.

لەم دیدارەدا بەرپرسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان و بەرپرسی مێزی ئێران پێشوازییان لە شاندی حیزبی دێموکرات کرد. لە چاوپێکەوتنەکەدا چەندین بابەت وەک پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕاگەیاندنی ڕاسان لە لایەن حیزبی دێموکرات، ئاکامەکانی "بەرجام" و کاریگەرییان لە سەر بارودۆخی نێوخۆی ئێران، ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کەوتنە بەر باس و گفتوگۆ.سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە وردی لە سەر ئەم تەوەرانە قسەی کرد و دواتر باسی لەوە کرد کە؛ ئاکامەکانی بەرجام لە باری ئابوورییەوە تا ئێستا هیچ قازانجێکیان بو خەڵکی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی نەبووە. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو سەرمایە ئازاد کراوەی دەستی ڕێژیم کەوتووە، بۆ مەبەستی تێکدەرانە لە وڵاتانی وەک عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەن تەرخان کراوە و دەکرێت.هەر لەم پەیوەندییەدا هیجری گوتی کە؛ پاش ڕێککەوتنی ڕێژیم و ڕۆژئاوا کۆماری ئیسلامی دەستی بو سەرکوتی خەڵکی ئێران زۆر ئاواڵەتر بووە و ئێعدام و سەرکوت و ڕاوەدوونانی چالاکانی سیاسی و جیابیران لەژێر سێبەری حکوومەتی بەناو میانەڕەوی ڕووحانیدا زۆر زیاتر بووە و لە کوردستاندا چەند قات زیاتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران زوڵم و زۆر و سەرکوتی خەڵکی ئازادیخواز بەردەوامە.سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە پەیوەندی لەگەڵ ڕاسانی ڕۆژهەڵات و بەرەنگاربوونەوەی هێزی پێشمەرگە بەرانبەر سپای داگیرکەر گوتی: کۆماری ئیسلامی ٢٠ ساڵ مەجالی هەبوو پرسی کورد لە ڕێگای ئاشتی و دیالۆگەوە چارەسەر بکات. هەر چەند ڕاگرتنی خەباتی چەکداری لە لایەن ئێمەوە بەشێکی لەبەرچاوگرتنی دۆخی هەرێمی کوردستان بوو، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو هەوڵی خومان خستە بواری کاری سیاسی و مەدەنی، تاکوو پرسی کورد لە ئێران بەرەو دوورگەیەکی ئارام بەرین. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەبنەڕەتدا هیچ باوەڕێکی بە مافی کورد و باقی نەتەوە بندەستەکانی نیە. هەر بۆیەش پێمان وایە دەبێ گۆشارەکانمان بۆ سەر ڕێژیم پەرە پێبدەین و بوونی پێشمەرگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاش خوێندنەوەی وردی ڕێبەریی حیزب بڕیاری لە سەر دراوە و لە ئێستادا زۆر بە جێدی پەرەی پێدەدەین. پاشان "شنایدەر"، بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی بۆ ئەم دانیشتنە گوتی: لێکدانەوەی حیزبی دێموکرات بو ڕووداوەکانی ناوچەکە زۆر واقعبینانەن و هەموان دان بە ڕۆڵی نەرێنیی ئێران لە ناوچەکەدا دەنێین.ڕاستە کێشەی ناوکی لە نێوان ئێران و ڕۆژئاوادا چارەسەر بووە، بەڵام دەیان کێشەی زەقی دیکەمان لەگەڵ ئێران هەیە کە تاکوو ئەم ڕێژیمە ئاڵوگۆڕی ئەرێنی بەسەردا نەیێت، ئەو کێشانە چارەسەرکردنیان ئەستەمە.

ناوبراو هەروەها گوتی: ئێمە هیواداریـن کێشەکانی ئێوە لەگەڵ ڕێژیمی تاران و بە گشتی باقی کێشەکانی ناوچەکە بە بێ خوێنڕشتن چارەسەر کرابان، بەڵام واقعی ناوچەکە شتێکی دیکەمان پێ دەڵێت.

## دیداری مستەفا هیجری لەگەڵ جێگری سەرۆکی پارلمانی ئاڵمان

مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ جێگری سەرۆکی پارلمانی ئاڵمان لە سەر حزووی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات گفتوگۆیان کرد.لە درێژەی دیدار و چاوپێکەوتنەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بێرلینی پایتەختی ئاڵمان، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٩ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، مستەفا هێجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، هاوڕێ لەگەڵ هیوا بەهرامی نوێنەری حیزبی دێموکرات لەو وڵاتە، لە لایەن شاندێکی هاوبەشی سەرۆکایەتی پارلمانی ئاڵمان و فراکسیۆنی پارتی سەوزی ئەو وڵاتە، پێکهاتوو لە خاتوو"کلاودیا ڕوت"، جێگری سەرۆکی پارلمان و "ئومید نووریپوور"وتەبێژی نێونەتەوەیی فراکسیۆنی پارتی سەوز و کۆمەڵێک ڕاوێژکاری سیاسیی هەردوولایەن، پێشوازییان لێ کرا. لە سەرەتای دیدارەکەدا کلاودیا ڕوت جێگری سەرۆکی پارلمانی ئاڵمان گوتی: من حیزبی دێموکراتم لە ڕێگای پرۆفێسور قاسملووەوە ناسی و دواتریش پەیوەندی باشم لەگەڵ د. شەرەفکەندی هەبوو.بۆ من حیزبی دێموکرات هەردەم حیزبێکی واقعبین بووە و سیاسەتەکانی ئاشتیخوازانە بووە. وەک بینیشمان ڕێبەرێکی گەورەی وەک قاسملووی لە سەر مێزی وتووێژ بۆ ئاشتی لەدەست دا. ناوبراو پاشان ڕوانگەکانی خۆی بە کورتی سەبارەت بە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران و پرسی کورد بە گشتی خستە ڕوو و گوتی کە؛ جێگای داخە لە ماوەی بیست ساڵی پێشوودا پرسی کورد لە ئێران لەبیرکراوە. پاشان مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وێڕای سپاس بۆ پێشوازیی خاتوو ڕوت لە بینای سەرۆکایەتی پارلمان لە شاندی حیزبی دێموکرات، باسێکی وردی سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی کوردستان و ئێران پێشکەش کرد.

هیجری لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوە دا کە؛ هەرچەند زۆر کەس و لایەن و لەوانەش وڵاتانی ڕۆژئاوایی هیوایان بە دەوڵەتی ڕووحانی بەستبوو، بەڵام دەرکەوت کە حکوومەتی ڕووحانی نەتەنیا هەوڵی چاکسازی نەدا، بەڵکوو لە زۆر بارەوە بارودۆخی وڵاتی بەرەو خراپی برد.هەر لەم پەیوەندییەدا هیجری گوتی؛ زەبر و زەنگی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کوردی ڕۆژهەڵات، هەر وەک پێشوو بەردەوامە. فەزای کوردستان بە تەواوی ئەمنیەتی کراوە و هەرچەشنە جموجۆڵێکی دژبەرانە تەنانەت ئەگەر لە لایەن کۆمەڵگای مەدەنییەوە بەڕێوە بچێت، بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێت. لە دیدارەکەدا سەبارەت بە تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و حزووری پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چەند پرسیار هاتنە ئاراوە کە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە وردی وەڵامی دانەوە. هیجری لەم بەشە لە وتەکانیدا هێمای بەوە کرد کە؛ کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا لەژێر گوشاردا ئامادە دەبێت مل بۆ ڕاستییەکان و داوا ڕەواکانی ئێمە و باقی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بدات. وەک نموونەش گوشار و گەمارۆی وڵاتانی ٥+١ی لە سەر ئێران باس کرد کە لە کۆتاییدا ڕێژیم مەجبوور بوو داواکارییەکانی ڕۆژئاوا قبووڵ بکات و شکانێکی گەورەی سیاسی بەخۆوە بینی. دواتر نووریپوور وتەبێژی نێونەتەوەیی فراکسیۆنی پارتی سەوزی ئاڵمان، وێڕای دەربڕینی خوشحاڵی خوی بو ئەم دیدارە، سەبارەت بە پرسی فێدراڵی لە ئێران و پەیوەندیی نێوان نەتەوکانی ئێران و کۆنگرەی نەتەوەیی چەند پرسیارێکی هێنایە ئاراوە کە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە وردی وەڵامی دانەوە و لە کۆتایی قسەکانیدا هیجری ڕایگەیاند؛ هیواداریـن هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە تایبەت دەوڵەتی ئاڵمان لە داهاتوودا گرینگیی زیاتر بە پرسە نێوخۆییەکانی ئێران و لەوانە پرسی کورد بدەن.

## حیزبی دێموکرات و یەکیەتی بۆ دێموکراسی لە ئێران کۆبوونەوە

هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکیەتی بۆ دێموکراسی لە ئێران، لە سەر دۆخی سیاسیی ئێران و ناوچەکە و چالاکیی نوێی حیزبی دێموکرات ئاڵوگۆڕی بیر و ڕایان کرد.ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکیەتی بۆ دێموکراسی لە ئێران (اتحاد برای دموکراسی در ایران) لە سەر دۆخی سیاسیی ئێران و ناوچەکە و چالاکیی نوێی حیزبی دێموکرات، لە پاریس کۆبوونەوە و ئاڵوگۆڕی بیر و ڕایان کرد.لەو کۆبوونەوەیەدا دوو لایەن لە سەر پێویستیی هاوتەریبکردنی هەوڵەکان بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێراندا و لابردنی هەر چەشنە هەڵاواردن، سەبارەت بە پشتبەستن بە بزووتنەوە مەدەنی و نارەزایەتییەکان لە سەرتاسەری ئێراندا، جەختیان کردەوە.

هەروەها لەو کۆبوونەوەیەدا لە سەر پێویستیی پەرەپێدانی وتووێژ و دیالۆگی ئامانجدار لە نێوان هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئێران بۆ پێکهێنانی ڕێککەوتنێک لە سەر چۆنیەتی تێپەڕین بەرەو دێموکراسی و دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا، هاوڕا و یەکدەنگ بوون.

نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو دیدارەدا سەرەڕای شی کردنەوەی هۆکارەکانی گرتنەبەری سیاسەتی نوێ، لە سەر زاتی بەرگری و چالاکیی چەکداری پێداگرییان کردەوە و جەختیان کردەوە کە ئەو چالاکیانە تەنیا وەکوو پشتیوانی بۆ خەباتی مەدەنی و دوور لە توندوتیژی خەڵک گرتوویانەتە بەر.هەیئەتی نوێنەری یەکیەتی بۆ دێموکراسی لە ئێران، بە جەختکردنەوە لە سەر ئەزموونەکانی جیهان و بەپێی دۆخی ئێستا لە ئێراندا، ڕوانینی خۆیان سەبارەت بە پێویستیی پشتبەستن بە بزووتنەوە و خەباتی مەدەنی و دووری لە توندوتیژی بۆ دروستکردنی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی سیاسی لە ئێراندا و ستراتژیی تێپەڕین بەرەو دێموکراسی بە پشت بەستن بە دەنگ و هەڵبژاردنی ئازاد قسەیان کرد. لە کۆتایی ئەو دیدارەدا لە سەر پێویستیی بەردەوامیی ئەو وتووێژانە و پەرەپێدانی لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکانی ئێرانی بۆ دروستکردنی دیالۆگێکی نەتەوەیی لە سەر پێکۆڵە سیاسییەکانی ئێستا ڕێککەوتن و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و نوێنەرانی یەکیەتی بۆ دێموکراسی لە ئێران جەختیان لە سەر ئەو پێویستییانە کردەوە.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەی HDPدا بەشداریی کرد

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوە لەگەڵ HDPدا لە سەر یەکگرتوویی و یەکڕیزیی ماڵی کورد جەختیان کردەوە. ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٣١ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی "محەممەد نەزیف قادری" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، بەشدارییان لە کۆبوونەوەی شاندێکی HDP بە سەرپەرەستیی "سەلاحەدین دەمیرتاش" هاوسەرۆکی HDP کرد.لەو کۆبوونەوەیەدا وێڕای شاندی حیزبی دێموکرات، بەشێکی بەرچاو لە لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتی ئاکادیمی و ڕاگەیەنە گشتییەکانی کوردستان بەشدار بوون. سەلاحەدین دەمیرتاش لە کۆبەندی قسەکانیدا جەختی لەسەر بەرپرسایەتی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە ئاست چارەنووسی دۆزی ڕەوای کورد کرد کە ئێستا لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا لە پێشکەوتن و کڵپەدایە، هەر بۆیە پێویستە بە یەکڕیزیی نێوماڵی کورد و هاوکاریی نێوانیان، هەوڵ بدرێت بە ڕێگای ئاشتیانە و چارەسەریی دێموکراسیانە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان ببەینە پێش و مافەکانی کورد وەدی بێنین. ناوبراو ئاماژەی دا کە بە درێژایی مێژوو سەرەڕای زوڵم و دوژمنکاریی داگیرکەرانی کوردستان، بە داخەوە لایەنە خەباتکارەکانی کوردیش بە هۆی ناکۆکیی نێوانیان و پاوانخوازیی گرووپی و بیر کردنەوە لە بەرژەوەندیی تەسک لە جیاتی بەرژەوەندیی گشتی، بوونەتە هۆی بەئاکام نەگەیشتنی جووڵانەوەکە، هەر بۆیە لە هەلومەرجی هەستیاری ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئەگەر هەر هێزێک بە هۆی دووبەرەکی نانەوە و بەرژەوەندیی تەسکی خۆی ببێتە کۆسپی سەر ڕێی خەبات، پێویستە بەرانبەر بە نەوەکانی داهاتوو و مێژوو، وەڵامدەر بێت.هەر وەها لە پێناو تێپەڕ بوون لەو قەیرانانەی ئێستای کوردستان، داوای پشتگیریی لایەنە سیاسییەکانی چوار بەشی کوردستان بۆ وەگەڕخستنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیە و هەروەها وەگەڕخستنی پارلمانی کوردستان و پشتگیری لە خەباتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کرد، تاکوو بتوانین بڕیار لە سەر ئیرادەی نەتەوەییمان بدەین، لەو پێوەندیەدا تیشکی خستە سەر ڕۆڵی میدیای کوردی.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژی نەتەویی عەرەبستانی سعوودیدا بەشداریی کرد

شاندێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستی محەممەدنەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی نەتەویی عەرەبستانی سعوودیدا بەشداریی کرد.ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٥ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، کۆنسولخانەی وڵاتی عەرەبستانی سعوودیە لە هەرێمی کوردستان لە هۆتێل دیوانی شاری هەولێر ڕێوڕەسمێکی بە بۆنەی ڕۆژی نیشتمانیی ئەو وڵاتە، بە بەشداریی مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵێک لە کۆنسول و دیپلۆماتکارانی عەرەبی و بیانی و کەسایەتییە سیاسی و ناسراوەکانی کورد و عەرەب پێکهێنا.سەرەتا "عەبدول مونعیم عەبدولڕەحمان مەحموود" کۆنسولی گشتیی وڵاتی عەرەبستانی سعوودیە پەیامێکی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد و وێڕای بەخێرهاتن‌کردنی بەشداران، لەسەر پێوەندی دۆستانەی وڵاتەکەی لەگەڵ گەلانی ناوچە و بە تایبەت خەبات دژی تێرۆریزم قسەی کرد.ناوبراو ئاماژەی بە پێشکەوتنەکانی وڵاتی عەرەبستانی سعوودیە لە ساڵی ١٩٢٣وە تا ئێستا لە بواری پیشەسازی و بەرهەمهێنان کرد و ڕایگەیاند؛ ئێمە هەوڵی بەردەوام دەدەین لەگەڵ دۆستەکانمان زیاتر خزمەت بە مرۆڤایەتی بکەین.هەروەها لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ناوبراو زۆر سپاسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمەکەیان کرد.پاشان فەلاح مستەفا بەرپرسی نووسینگەی پێوەندییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی پێشکەش کرد و لەسەر شەڕ دژی تێرۆریزم و داعش جەختی کردەوە و داوای لە دۆستانی عەرەب و هاوپەیمانەکان کرد بۆ ئازادکردنی شاری موسڵ و پرۆسەی بونیادنانەوەی سیستمی حوکمڕانیی ئەو شارە هاوکاری و یارمەتی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی ئەو دەڤەرە بکەن بۆ ئەوەی ئەزموونی تاڵی ڕابردوو دووپات نەبێتەوە. لەم ڕێوڕەسمەدا محەممەدنەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشدار بوو و لەم بۆنەیەدا پیرۆزبایی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و سڵاو و ڕێزی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە کۆنسولی گشتیی سعوودیە پێشکەش کرد و لەگەڵ چەندین کەس لە نوێنەرانی سیاسیی وڵاتانی عەرەبی و بیانی چاوپێکەوتنی کرد.هەروەها لەو دیدارانەدا ئۆگریی خۆیان بۆ پێوەندی سیاسی و دۆستانە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی.

## هەیئەتێکی یەکیەتیی دێموکراتی کوردی سووریە سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتیان لە شاری سلێمانی کرد

هەیئەتێکی یەکیەتیی دێموکراتی کوردی سووریە سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتیان لە شاری سلێمانی کرد و لە سەر پرسی کورد گفتوگۆیان کرد.ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١١ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی یەکیەتیی دێموکراتی کوردی سووریە بە سەرپەرەستی "عبدالباقی یوسف"، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتیان لە شاری سلێمانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستی تاهیر مەحموودی پێشوازییان لێ کرا.لەو دانیشتنەدا، سەرەتا "عبدالباقی یوسف" باسێکی لەسەر ڕەوشی تازەی سووریە و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە کرد.پاشان مەحموودی، سەبارەت بە بەردەوامیی ڕاسان و بارودۆخی نالەباری کۆماری ئیسلامی و چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان بە دوای ئەو بڕیارە بوێرانەدا و هەوڵ و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لەو بوارەدا باسێکی پێشکەشی هەیئەتی میوان کرد.لە کۆتاییدا وێڕای جەخت کردنەوە لەسەر درێژەدانی پێوەندی نێوان دوو لایەن چەندین مژار و بابەتی تری پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان کەوتنە بەرباس.

## دوو ئەندامی حیزبی دێموکرات لە ڕووداوی هاتوچۆدا گیانیان لەدەست دا

دوو ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مەریوان لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا ماڵئاواییان لە ژیان کرد.

ڕۆژی سێشەممە کاتژمێر ١ی نیوەڕۆ، دوو ئەندامی لاو و خوێنگەرمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەڵکی گوندی نێی مەریوان، لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا گیانیان لەدەست دا. لەو ڕووداوەدا "هیوا نیکپەی" کوڕی "حەسەن" و "باست پەروازە" کوڕی "عارف"، خەڵکی گوندی نێ سەر بە شاری مەریوان، بۆ هەمیشە ماڵئاواییان لە ژیان کرد. کاک هیوا و باست دوو لاوی خوێنگەرم و نیشتمانپەروەر بوون کە بەداخەوە لەو ڕووداوەدا گیانیان لەدەست دا. ئەم دوو لاوە تێکۆشەرە ئەندامانی دڵسۆزی حیزبی دیمۆکرات بوون. هیوا و باست لەو ڕۆڵە تیکۆشەرانە بوون کە بە هۆی تیکۆشانی بەرچاوی خۆیان چەندین جار لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی مەریوانەوە دەستبەسەر و زیندانی کران و تووشی ئازار و ئەشکەنجە بوون.تەرمی ئەو دوو لاوە بەهەست و نیشتمانپەروەرە لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک سپێردرا.حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری ناوبراوان دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## سەقز: ڕێژیم لە مزگەوتەکاندا بە دژی حیزب قسە دەکا

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٩ی ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی، فەرماندە سەربازی و ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم لە شاری سەقز لە نوێژی هەینیدا و لە مزگەوتەکانی ساڵحاوا و قەوخ بە دژی حیزبی دێموکرات تەبلیغاتیان کرد.لە مزگەوتی ساڵحاوادا فەرماندەیەکی سپای تێرۆریستی پاسداران بە دەرەجەی سەرهەنگی، قسەی بۆ خەڵك کرد و لە مزگەوتی قەوخ فەرماندەی هێزی بەسیج.ئەم دوو فەرماندە نیزامییەی ڕێژیم لە قسەکانیاندا باسیان لەوە کردووە کە هێزەکانی پێشمەرگەی دێموکرات لە ناوچەی سەقز بوونیان هەیە و ئەیانەوێ نێوشار بشێوێنن و داوایان لە خەڵکی سەقز کرد کە بە دژی ئەم هێزانە هەڵوێست بگرن و لە بەرانبەریاندا ڕاوەستن. بەپێی ئەم هەواڵە، بە گشتی قسەکانی ئەم فەرماندە نیزامییانەی ڕێژیم زۆر بە توندی دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەتایبەت حیزبی دێموکرات بوو. بە وتەی خەڵکی ئاسایی و شایەتحاڵان، لە کاتی قسەکردنی ئەم کەسانەدا تەواوی ئەو ناوچە بە هێزی لیباس شەخسی و سەربازی تەنرابوو، کە ئەمە نیشانەی داڕووخانی ورەی فەرماندەکانی سپا لە کوردستانە.

## یەکیەتیی ژنانی دێموکرات: کەرامەتی ژنی کورد و مافەکانی بارتەقای کەرامەتی نەتەوەی کورد و مافەکانی بۆمان گرینگە

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە هەڵوێستی ژمارەیەک ژن بە ناوی چالاکڤانانی ژنی ڕۆژهەڵات، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە کە تێیدا داکۆکی لە مافی ژنان دەکا و داوا دەکات کە پشتیوانی لە مافی ژنان نەکرێ بە ئامراز بۆ هێرش بۆ سەر خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات و بیانوو داتاشین بۆ دژایەتی کردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردستان و حیزبەکانی ئەم پارچەیە لە کوردستان.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم شێوەیە:

هەڵوێستێک و وەڵامێک لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا و دوای بڵاو کرانی مەبەستدارانەی گرتە ڤیدیۆیەک لە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارەیەک ژن لە ژێر ناوی چالاکڤانانی ژنانی ڕۆژهەڵات، وەک ئەوەی کەشفێکی گەورەیان کردبێ، ئەو مەسەلەیان کردە بیانوو بۆ ئەوەی دژایەتی خۆیان لەگەڵ بزووتنەوەی کورد بەگشتی و خەباتی بەردەوام و شوێندانەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاشکراتر بکەن و ڕق و کینەی خۆیان بەرانبەر بەم بزووتنەوە و بەم حیزبە هەڵبڕێژن.ئێمە وەک یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەی هەرجۆرە بەکەم گرتن و بێڕێزی بە تاکی ژن ڕەت دەکەینەوە و بەکارێکی نەشیاوی دەزانین و لەهەمانکاتدا ئەوەش لە ئەخلاقی سیاسی و ڕەوتی چالاکییەکانی واقعیی ژن بە هەر ناو و گرووپێک بەدوور دەبینین کە بیانوویەکی ئاوەها بکرێتە ئامرازی چەواشەکاری و هەڵکووتانە سەر بزووتنەوەی ملی-دێموکراتیکی کوردستان و حیزبە ناسراو و جێگای باوەڕەکەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

ئەوەی لە بڵاو کراوەی ئەم چەند ژنەدا بەڕوونی و بەئاشکرا خۆی دەنوێنێ، بیانوو داتاشینە بۆ دژایەتی کردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردستان و حیزبەکانی ئەم پارچەیە لە کوردستان. بۆیە بەپێویستی دەزانین لە وەڵامی ئەم بڵاوکراوەیەدا ئاماژە بە چەند خاڵ بکەین:

یەکەم: قسەیەکی زارەکیی هەرچەند ناشایستی ئەندامی حیزبێک لە مەحفەلێکی دو سێ کەسی و لە هەلومەرجێکی تایبەتی‌دا، لەلایەن هیچ مرۆڤێکی سیاسی و هەڵسوڕاوێکی واقعبین بە سیاسەتی گشتی هیچ حیزبێک دانانرێ.خۆ ئەگەر ئەو چەند ژنە شتی لەو بابەتە بە سیاسەتی گشتی حیزبێک دەزانن، ئەدی لێدوانی بەرپرسانی پلە یەکی هێندێ لە ئەحزابی دیاریکراو بەدژی ژن و مافەکانیان، چ بۆچونێکیان هەیە و هەڵوێستیان لەسەر ئەوانە چیە؟

دووهەم: بابەتی ئاماژە پێکراو لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە نە لەبەر قسە و قسەڵۆکی ئەم و ئەو، بەڵکوو بەپێی پرینسیپەکانی حیزب بەدواداچوونی بۆ کراوە و لێپرسینەوەی بەدوادا هاتووە و جیا لەوە سیاسەت و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات بەرانبەر بە ژن و بە مافی ژن، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی ئەو حیزبەوە ڕوون و ئاشکرا بووە.ئەوەی هەندێ لایەنی دیکە بە زارەکی لێی دەدوێن و شانۆسازی پێوە دەکەن، حیزبی دێموکرات بە کردەوە ئەنجامی داوە و ڕێ‌وشوێندانەری ئەم کردەوە و هەنگاوانە لە کۆمەڵگای کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە زەقی خۆی نیشان داوە، هەربۆیەش شانازیی پێوە دەکا.

سێهەم: لە بڵاو کراوەی ئەو چەند ژنەدا ئاماژە بەوە کراوە کە شتی لەو بابەتە هەر بە حیزبێک بەرتەسک نابێتەوە، بەڵکوو لەلایەن لایەنی دیکەشەوە هەبووە یا هەیە، قسە ئەوەیە ئەگەر ئەو ئیدیعایە ڕاستە، ئەو پرسیارە دێتە پێش کە بۆچی بێجگە لەو بابەتە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەر ئەو ژنانە هیچ نارەزایەتییەکیان بەرانبەر هیچ لایەنی دیکە دەر نەبڕیوە، هەر ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسلمێنێ کە مەسەلەی ئەو ژنانە نە مافی ژنانە، بەڵکوو بیانوویەکە بۆ دژایەتی بزووتنەوەی کورد بە گشتی و حیزبی دێموکرات بەتایبەتی، بڵاو کراوەکەشیان بە ڕاسپاردە و بۆ مەبەستی تایبەتی و لە هەلومەرجێکدا هاتووەتە ئاراوە کە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو لە گەشە و بەرینتر بوونەوەیە، کە هەندێ لایەن چاوی دیتنیان نیە.

چــوارەم: ئەگەر چاوی دیتن و خوێندنەوەی دروست هەبێ، نابێ ئەو چەند ژنە لە بیر و بۆچونی "پێشەوا قازی محەممەد" و "دوکتور قاسملوو" و "دوکتور شەرەفکەندی" و ڕێبەرانی دیکەی ئەو حیزبە ئاگادار نەبن، بەڵام ئەو بەڕێزانە ئەوانە بە سیاسەتی گشتیی حیزب نازانن، قسەی ئەندامێکی حیزب لە مەحفلێکی بچووکی چەند کەسی‌دا دەکەنە بیانوو بۆ هەڵپژانە سەر حیزبی دێموکرات.لە بەرانبەردا نابێ ئەو ژنە بەڕێزانە لە بۆچوونی ڕاشکاوانەی ڕێبەری لایەنێکی دیکەی کورد کە بە وتەی خۆی دەربڕیوە و بەدەستی خۆی نووسیویە، چلۆن کەرامەتی ژن دەشکێنێ و جێگە و پێگەی مرۆڤانەی دادەبەزێنێ، ئاگادار نەبن و بە سیاسەتی ئەو لایەنەی دانەنێن.ئەو سیاسەتە بانێک و دوو هەوا نیە؟ !بەو حاڵەش ئەو ژنە بەڕێزانە لە کۆتایی بڵاوکراوەکەیاندا داوا دەکەن ئەو بەیانیە دوور لە خوێندنەوەی حیزبایەتی و کێشە حیزبایەتییەکان وەڵامی شیاوی بدرێتەوە.هەروا بزانە کە بڵاو کراوەکەی خۆیان بەدوور لە حیزبایەتی و کێشە حیزبایەتییەکان نووسراوە.ئێمە وەک یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان کە لە پێناو پاراستنی کەرامەتی ژن و دابین بوونی مافە ئینسانییەکانی خەبات دەکەین، ڕاشکاوانە دژ بە هەر بێ‌حورمەتییەک بە ژن بە گشتی دەوەستینەوە، بەڵام هەرگیز وا ناکەین کە مەوردێک لە ژێر زەرەبین ببینین و چاو لە هەڵوێستی گەورەتری دژ بەژن دابخەین.ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنین کە هەر بەو ڕادەیە کە کەرامەتی ژنی کورد و مافەکانیمان لەبەرچاوە، بەو ڕادەیەش کەرامەتی نەتەوەی کورد و مافەکانیمان بۆ گرینگە، چوونکە بەشداری لە خەباتی نەتەوایەتی هەرگیز نەبووەتە هۆی کز کردنی ئیرادەی ژنی کورد لە پێناو هەوڵدان بۆ یەکسانی و مافەکانی.باشترە ئەوەیە لەسەر ئەو باوەڕە بین کە هەرکات نیوەی کۆمەڵ جا چ پیاو بێ و چ ژن،خاوەنی ماف و دەسەڵاتی خۆی بێ و نیوەکەی دیکە هیچ، هیچکات کۆمەڵگایەکی بەختەوەرمان نابێ.ئەوەی دەتوانێ کۆمەڵگا بەختەوەر بکا مرۆڤ تەوەرییە. هیوادارین ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە کەرامەتی ژن زیاتر لەگەڵ یەک لە پەیوەندیدا بین و مەسەلەکان بە یەکەوە تاوتوێ بکەین و لە هەموو گۆشەکانەوە بە واقعبینییەوە سەیری کێشەکان بکەین و دارێک هەموو دارستانەکەمان لە بەر چاو ون نەکا.

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی<br>
کوردستانی ئێران<br>
خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی

## یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوای پشتگیریی خوێندکاران لە ڕاسان دەکات

خوێندکارانی ئازادیخوازی کوردستان! تێکۆشەرانی سەنگەری پەروەردە و زانست!دەستپێکردنەوەی وەرزی نوێی خوێندن لە هەموو وڵاتێکدا، بە واتای کرانەوەی دەروازەیەکی نوێ بە ڕووی گەشەی تواناکانی خەڵك و پێشکەوتنی کۆمەڵگادایە کە نەوەکانی دوارۆژی وڵات بۆ تەیاربوون بە چەکی زانست و ئاگایی ئامادە دەکات.سیستمی پەروەردە و خوێندن بەستێنێکە کە گەشەی زانستی و کامڵبوونی توانای مرۆڤەکان و کاناڵیزەکردنیان بۆ خزمەت لە پێناوی بەختەوەریی کۆمەڵگادا دەکاتە ئامانج و بارهێنانی نەوەی دوارۆژ لەو ڕێڕەوەدا، یەکێك لە ئەرکە بنچینەییەکانی هەر دەسەڵاتێکی سەردەمیانەیە.مەخابن لە وڵاتی داگیرکراوی ئێمەدا دەستپێکردنی وەرزی خوێندن، هەموو ساڵێك وەکوو کولاندنەوەی برینی کۆنی ژێردەستی و چەوسانەوەی نەتەوەکەمان و وەبیرهێنەری ئازاری داگیرکاریی لەمێژینە و ئاسەوارە نگریسەکانی لە سەر وڵاتەکەمانە. ئێرانی ژێردەسەڵاتی ڕێژیمە ناوەندگەرا یەك لە دوای یەکەکانی پەهلەوی و ویلایەتی فەقیهـ قەفەسێکی خنکێنەر بۆ ئەو نەتەوە و شوناسە فرەڕنگانەیە کە دەیان ساڵە بە زەبری ئاگر و ئاسن و بە بەهای ڕشتنی خوێن و پێشێلکردنی کەرامەت و زەوتکردنی مافە سەرەتاییەکانی دەیان میلیۆن مرۆڤی سەرکوتکراو خۆی ڕاگرتووە. فەرهەنگی سیاسیی زاڵ بە سەر حکوومەتەکان و کۆمەڵگای سیاسیی ئەم وڵاتەدا هەر لە سەرەتای هاوردەکردنی مۆدێرنیزمی ڕەزاشاییەوە، بە ئاپارتاید و ژینۆساید و ئاسیمیلە کردنی نەتەوە ژێردەستەکان و نامۆکردنیان لە فەرهەنگ و زمان و شوناسی نەتەوایەتی و ئیتنیکیی خۆیان و سەپاندنی زۆرەملیی شوناس و فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەست فرچکی گرتووە.سەرەتای دامەزراندنی زانکۆ و هێنانی ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکاریی سەردەمیانە بۆ ئێران، هاوکاتە لەگەڵ دامەزرانی دێوەزمەی دەوڵەتی بەناو مۆدێرن لە ئێراندا کە بناغەکانی خۆی بە تەواوی لە ژێر هێژمۆنی "سخت افزاری"ی دیکتاتۆریی ڕەزاخانی و لە سەر بنچینەی هێزی "نرم افزاری" و هزری شۆڤینیستیی کۆمەڵێك خوێندەواری پارسی ـ تەوەردا بینا کرد. هەر بۆیە دەکرێ بڵێین بناغەکانی ئەو سیستمە لە سەرەتاوە بۆ خزمەت بە فاشیزمی بنجداکوتاو لە هەناوی فەرهەنگی سیاسیی سەرەڕۆیانەی ئێرانچیەتیدا دانرا کە نەك هەر نەیتوانی ببێتە هۆی گەشە و پێگەیاندنی کۆمەڵگایەکی تەندروست و مودێڕن، بەڵکوو لە تیۆری و کردەوەدا مودێرنیتەی ڕاستەقینەی لەو وڵاتەدا دەیان ساڵ و بگرە زیاتریش وە دوا خست و تا هەنووکەش یەکێك لە لەمپەرە سەرەکییەکانی سەر ڕێگای دێموکراسی و ئازادی و بەختەوەری و پێکەوەژیانی سەردەمیانە لە ئێران و کوردستانی داگیرکراودایە کە نەك هەر بۆتە کۆسپێك لە سەر ڕێگای ڕزگاریی نەتەوە بندەستەکان، بەڵکوو بەهۆی گرێدانی چارەنووسی نەتەوەی باڵادەست بە مانەوەی خۆیەوە، مافی بەختەوەری و ئازادیی ڕاستەقینەی لەوانیش زەوت کردووە.بە هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ، هیچ هەوڵێك بۆ چاکسازی لەو سیستمەدا لە لایەن دەسەڵاتەوە نەدرا و تەنانەت بە زیادکردنی کۆت و بەندی ئیدئۆلۆژیکی ویلایەتی فەقیهـ لە چوارچێوەی پرۆژەی شۆڕشی فەرهەنگیدا، سیستمی خوێندن و پەروەردەی سەقەتی ئێران نەك هەر زمان و شوناسی فەرهەنگی و نەتەوەیی، بەڵکوو شوناسی ئایینی و بیروباوەڕی مرۆڤەکانیشی کردە گۆڕەپانێکی نوێ بۆ پەرەپێدانی پاوانخوازی و داگیرکاریی سیستماتیکی خۆی، بە جۆرێك کە سڕینەوەی مرۆڤ لە "مرۆڤبوون بە واتا مودێرنەکەی" بوو بە ئامانجی سەرەکی و کۆتایی پەروەردە و پێگەیاندن لەو سیستمەدا.لە بەرانبەر ئەو هەموو ناهەقی و پێشێلکارییەدا، خەباتی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران بە پێشەنگایەتیی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد، دەیان ساڵە دەستی داوەتە بەرخۆدان و بەربەرەکانێ و بە پێشکەشکردنی بەنرخترین ڕۆڵەکانی خۆی، ڕەوتی سەپاندنی هێژمۆنی فەرهەنگیی داگیرکەر و وەدیهاتنی خەونی ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیمی لەگەڵ گرفت و کێشە بەرەوڕوو کردووە. لەم نێوانەدا بژاردە ڕووناکبیرییەکانی نەتەوەی کورد بە ئیلهام وەرگرتن لە گوتاری پێشکەوتنخوازانەی بزووتنەوەی ڕەوا و ڕزگاریخوازی نەتەوەکەیان، بزوێنەری سەرەکیی شۆڕشێك بوون کە هەنووکەش بۆ بەچۆکداهێنانی تەوژمی داگیرکاری، چالاکانە لە گۆڕەپانی خەباتدا تێدەکۆشێت.لەم ساڵانەی دوایدا کۆمەڵێك لایەن و کەسایەتیی نێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان، لە هەوڵێکی کاڵفامانەدا بۆ بەرتەسککردنەوەی بازنەی داخوازییەکانی بزووتنەوەی کورد، بە دڵخۆشکردن بە هێندێك دروشمی بێ‌بنەمای سەرکردەکانی ڕەوتی بەناو میانەڕەو و ئیسڵاحخوازی ڕێژیم و هەڕاجکردنی سەرمایەی سیاسیی خۆیان لە پێناوی کۆمەڵێك وادە و بەڵێنیی نێوبەتاڵی وەك مادەی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم، چەواشەکارانە دەیانهەوێ وا نیشان بدەن کە ئەو بەندە لە یاساکانی ڕێژیم باس لە ئەرکدارکردنی دەسەڵاتدارانی تاران بە دابینکردنی ڕێوشوێنی خوێندن بە زمانی زگماکیی نەتەوە بندەستەکان دەکات، لە کاتێکدا کە تەنانەت لە دەقی ئەو مادە یاساییەشدا نە باس لە خوێندن بە زمانی نەتەوەکان کراوە و نە حکوومەتیش بەرانبەر بە هیچ شتێك بەدەر لە "فەرمیبوونی زمانی فارسی بۆ هەموو گەلانی ئێران" ئەرکدار و بەرپرسیار دەکرێت.سەرەڕای هەوڵی چەواشەکارانەی ئەو لایەنانە کە خزمەت بە سەپاندنی ڕەوایی و هێژمۆنی گوتاری داگیرکەر لە کوردستاندا دەکات، لە یەك ساڵی ڕابردوودا شەپۆلێکی نوێی بەرخۆدان و هەستانەوەی بزووتنەوەی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ژێر ناوی "ڕاسان"دا دەستی پێکردووە کە لەو پێناوەشدا چەندین پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان گیانی پاکیان پێشکەش بە بارەگای ڕزگاری و هەرمانی نەتەوەکەیان کردووە. سەرەڕای ئەو تێچووە گرانبەهایە، بزاڤی ڕاسان لەو ماوەیەدا سەلماندوویە کە کورد وەکوو هێزێکی سەربەخۆ و شوناسێکی ڕاوەستاو لە سەر پێی خۆی، دەتوانێ لە بەرانبەر مۆتەکەی داگیرکاری و هێژمۆنێخوازیی ڕێژیمی مرۆڤکوژی تاران و هەڕەشەی لقوپۆپەکانی لە ناوچەدا بەرگری لە مانی خۆی و بەهاکانی مرۆڤایەتی بکات و ڕەوتی زاڵبوونی گوتاری خۆبەدەستەوەدان لە بەرانبەر ئەو ڕێژیمەدا پێچەوانە بکاتەوە و گەیشتن بە ترۆپکی ڕزگاریی خۆی و لەنێوچوونی ئەو سیستمە بکاتە ئامانج.ئێمە لە یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا پێمان وایە و بە ئەرکی خۆمان و سەرجەم چالاکانی بزووتنەوەی ڕووناکبیری و خوێندکاریی کورد و نەتەوەکانی ژێر چەپۆکی ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانی دەزانین کە بە خوێندنەوەی زانستیانە بۆ بەهاکان و ئامانجەکانی بزاڤی ڕاسان، یارمەتیی سەرکەوتنی ئەو بزاڤە بدەین، چوونکە ئامانجەکانی ڕاسان لە ڕاستیدا هەمووومان لە ژێر چەترێکدا کۆ دەکاتەوە و دوارۆژێکمان بۆ دەستەبەر دەکات کە بە دوور لە ئاسەوارەکانی دەیان ساڵ داگیرکاری، زانکۆ و پەروەردەیەکی سەربەخۆ و سەردەمیانە و لە سەر بناغەی فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکان لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و تەندروستدا بەرهەم دەهێنێت.بە هیوای هاوخەباتیی پتەوتر تا گەیشتن بە لووتکەی سەرکەوتن

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی<br>
کوردستانی ئێران<br>
٤ی ڕەزبەری ٢٧١٦ی کوردی

# خوێندنەوەی ڕاسان لە دەلاقەی هەواڵێکەوە

ئاگری ئیسماعیلنژاد

ڕۆژی ١١ی ڕەزبەری ١٣٩٥ کاناڵی کوردستان ٢٤ هەواڵێکی لە سەر زاری سەرچاوەیەکی ناڕوون بڵاوکردەوە کە لەو هەواڵەدا هاتبوو: "هێزی پێشمەرگەی حدکا سنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات چۆڵ دەکات". پاش کەمتر لە سەعاتێك سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو هەواڵەیان بە تەواوی ڕەد کردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەواڵە هەڵبەستراوە، دەنگدانەوەیەکی یەکجار زۆری لە ڕاگەیاندنە ناوخۆییەکانی ئێران و کوردستانی خۆرهەڵاتدا هەبوو.

ئەو هەواڵە هەڵبەستراوە لە لایەن ڕاگەیەنەکانی کۆماری ئیسلامییەوە زۆر بە پەلەش بڵاو کرایەوە، بە شێوەیەك کە هێندێك لە ڕاگەیاندنەکان سنووریی زمانی دیاریکراوی نێو ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامییان بەزاند، بۆ وێنە هەواڵدەریی "زریان" کە هەواڵدەرییەکی ناوخۆیی کوردستانی خۆرهەڵاتە و ناوەندەکەی لە بۆکانە، نووسی، سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات بڕیاری داوە "بەرخۆدانی چەکداری" لە دژی ئێران ڕابگرێت.

پرسیارەکە ئەوەیە بە چ هۆکارێك هەواڵی هەڵبەستراوی دابەزینی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە سنووری ڕۆژهەڵات هێندە بە بەربڵاوی لە ڕاگەیاندنە نێوخۆییەکانی ئێراندا دەنگی دایەوە؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ توخمی گرینگی هەواڵەکە دەستنیشان بکەین، لەگەڵ ئەوەی کە لە نووسینی هەواڵێکدا ٦ توخمی سەرەکی هەیە هەتا بەردەنگێك بتوانێ بە تەواوی لە هەواڵەکە تێبگات، بەڵام لە هیچ هەواڵێکدا هەر ٦ توخمەکە گرینگایەتییان لە ئاستێکدا نییە، لەو هەواڵەشدا دو توخمی سەرەکی کێ؟ کوێ؟ ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن.

کێ؟ لەو هەواڵەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، و کوێ؟ بەرزاییەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتە، لێرەدا پرسیارێکی دیکە دێتە گۆڕێ: هۆکاری ئەوەی کە گرینگە ئەو بەرزاییانە لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە چۆڵ بکرێ، چییە؟

بوون لە قووڵایی خاکی باشووردا بزووتنەوەی خۆرهەڵاتی تووشی چوار قەیرانی گەورە کردووە:

**١:** بە هۆی ئەوەی کە بارەگاکانی حیزبەکانی بەڕێوەبەری بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات لە قووڵایی خاکی باشووردایە و لە ئێستادا حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئێران وەك دوو دراوسێ پێکەوە هەڵسوکەوت دەکەن و پەیوەندیی ئاسای دیپلۆماتیك، ئابووری، فەرهەنگی و تەنانەت ئەمنییان هەیە، ناکرێت سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی گوێی لە ئاسایی بوونی پەیوەندیی نێوان باشوور و ئێران نەگرێت و لەوێوە گەڵاڵە لە دژی کۆماری ئیسلامی دابرێژێت. کە وایە هەبوون و مانەوە لە قووڵایی باشووردا پێویستی بە جۆرێك سستی لە نێو بزووتنەوەدا هەیە.

**٢:** شاخ لە فەرهەنگی شۆڕشی کوردستان و هەروەها لە زەینی تاکی کورددا هێمای بەرخۆدانە و هەبوونی پێشمەرگە لە شاخ ڕاستەخۆ کارتێکەری لەسەر وره و بەرخۆدانی خەڵکی ناوخۆی کوردستان هەیە، کەوایە نەمان لە شاخ واتە ڕووخانی ئەو هێما زەینیە لە نیو زەینی تاکی کورددا.

**٣:** جوغرافیای بەرزاییەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات جوغرافیایەکی تایبەتی نیزامییە کە لە دوو ڕووەوە گرینگایەتیی هەیە:

**ئا:** وەشاندنی زەربەی قورسی نیزامی لە هێزێکی سەربازی کە لەو ناوچەیەدا جێگیر بووە، سەرەڕای ئەوەی تێچوویەکی زۆری هەیە، کارێکی زۆر ئاستەمە.

**ب:** هێزێکی سەربازی کە لە ناوچەیەکی شاخاوی بژی، لە بواری زەینییەوە ئامادەترە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرك و کارەکانی خۆی.

ئەوە لە کاتێدایە کە شوێنی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە قووڵایی خاکی باشووردا لە ڕووی سەربازییەوە ئەو تایبەتمەندییەی بەرزاییەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی نییە.

**٤:** هەبوونی هێزی پێشمەرگەی بزووتنەوەی کوردی لە بەرزاییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوور لە ڕووی کردەییەوە هەم لە بواری کات و هەم لە بواری سنووری پشتگیری بە واتای دەرفەتی زیاتر بۆ پشتگیری لە خەباتی جەماوەریی کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەروەها سازکردنی پەیوەندیی زیاتر لەگەڵ ئەو جەماوەرەیە کە بوون لە قووڵایی خاکی باشوور بێگومان ئەو تایبەتمەندییەی نییە.

لە پەنا ئەوانەشدا ئەگەر بمانەوێت ڕاستییەك قبووڵ بکەین کە سیاسەتی "پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێم" لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی تەنیا لەگەڵ جۆرێك سستی ڕووبەڕوو نەکردبوو، بەڵکوو بە جۆرێك بەشی بەڕێوەبەریی ئەو بزووتنەوەی خستبووە نێو بازنەی گەمارۆیەکی ڕانەگەیەندراو، گەمارۆیەك کە لە ڕووی سەربازییەوە لە ئەگەری هەر ڕووداوێکی نەخوازراودا هێزی دوژمن زۆر باڵادەستتر دەبێ، نەك تەنیا لەبەر توانای زیاتری سەربازی، بەڵکوو لە بەر شوێنگەی جوغرافیایی و لە ڕووی سیاسیشەوە ئەو سیاسەتە و سستییەکانی دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە، ئاستی پێگەی کردەکیی حیزبی دێموکراتی هێنابووە خوارێ، بەو واتایە کە لە ڕووی کردەکییەوە، حیزبی دێموکرات نەیدەتوانی بە پێی پێگە جەماوەرییەکەی ڕۆڵی سیاسی بگێڕێت، ئەوەش لە دوو ڕوووەوە بۆ حیزبی دێموکرات کێشەی ساز دەکرد:

**١:** ئەوەی کە حیزبی دێموکرات دەستی ئاوەڵا نەبووە کە پێگەی جەماوەریی خۆی وەرگێڕێتە سەر دەسەڵاتی سیاسی، بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو حیزبە پێگەی شیاوی خۆی لە یارییە سیاسییەکانی کوردستان، ئێران و ناوچەکەدا نەبێت.

**٢:** نەبوونی پێگەی شیاوی سیاسیی حیزبی دێموکرات، واتە پێگەیەکی سیاسی کە هاوشانی پێگەی جەماوەرییەکەی لە یارییە سیاسییەکاندا بێت، وای کردبوو کە پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکرات ڕەخنەی توند ئاراستەی سەرکردایەتیی ئەو حیزبە بکات و بە جۆرێك دردۆنگی لە نێوان جەماوەری ئەو حێزبە و سەرکردایەتییەکەیدا ساز ببێت.

سەرەڕای ئەو باسە، بە هۆی ئەوەی کە حیزبی دێموکرات بەڕێوەبەری سەرەکیی گوتاری نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستانی خۆرهەڵاتە، "سیاسەتی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێم" و سستیی دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە وای کردبوو کە ئەو گوتارە هەم لە ڕووی فیکری و هەم لە ڕووی کردەکییەوە تووشی جۆرێك لاوازی بێت کە ئەو لاوازییە بۆتە هۆکاری دوو دیاردە:

**١:** پەرتەوازە بوونی باوەڕمەندانی ئەو بیرە و سازنەبوونی کۆدەنگی لە نێو بیرمەندانی ئەو گوتارەدا.

**٢:** هێرشی ناڕەوا کردنە سەر پێگەی جەماوەری و فیکریی بزووتنەوەی نەتەوەیی-دێموکراتیکی خۆرهەڵات و بڵاوکردنەوەی تۆوی دردۆنگی و دڵساردی لە نێو پێگەی جەماوەرۆی بیری نەتەوەیی-دێموکراتی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، بە مەبەستی ئەوەی کە پێگەی جەماوەریی گوتاری نەتەوەیی-دێموکراتیك تووشی پەرتەوازەیی ببێت.

بە دەستپێکی پڕۆژەی ڕاسانی خۆرهەڵات و گەڕانەوەی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بۆ بەرزاییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوور، یەکەم دەستکەوتی گرینگ کە وەدەست هات، ئەوە بوو کە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو گەمارۆ ڕانەگەیاندراوە دەرباز بوو. ئەوە لە ڕووی سیاسییەوە گەورەترین مانای ئەوەیە کە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات بە پڕۆژەی ڕاسان پێگەی جەماوەریی خۆی لە پەرتەوازە بوون و تانەی ناڕەوا دەپارێزێت و ڕاسان دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی پێگەی جەماوەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی-دێموکراتیك و لەوێشەوە جووڵاندنی ڕای گشتی بۆ دەستپێکردنی خەباتی ناتوندوتیژی شوێندانەر لەسەر ڕێژیم.

کە وایە یەکێك لە هۆکارە گرینگەکانی ئەوەی کە هەواڵی هەڵبەستراوی دابەزینی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، ئەوە بوو کە لە هەنگاوی یەکەمدا ڕاسان گەمارۆی سەر بزووتنەوەی کوردستانی خۆرهەڵاتی شکاندووە و بەستێنی بۆ سازبوون و پەرەگرتنی خەباتی ناتوندوتیژ لە کوردستاندا خولقاندووە.

دەنگدانەوەی بەرچاوی هەواڵی هەڵبەستراوی دابەزینی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات تەنیا ئەو هۆکارەی نەبوو، بەڵکوو هۆکارگەلێکی دیکەشی هەیە کە یەکێك لە گرینگترینەکانیان ئەوەیە کە لە پاش حەماسەی شنۆ و کۆساڵان کۆمەڵێك پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات شەهید بوون، ڕێژیم بە بڵاوکردنەوەی ئاماری درۆ و هەروەها بە نیشاندانی چەندین فیلمی شەڕ کە گوایە هیی ئەو تێکهەڵچوونانە بوون کە لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و چەکدارانی سپای پاسداراندا ڕووی داوە، دەیەویست جۆرێك ترس و خۆف لە نێوخەڵکی کوردستان بنێتەوە، هەڵبەت ڕێژیم بۆ نانەوەی ترس و خۆف لە نێو خەڵکدا و ترساندنی خەڵك لە ڕێگای سەرکوت بۆ مەبەستی پرینگانەوەی خەڵك لە ڕاسان دەستی کرد بە دەستبەسەر کردنی کەسانێکی زۆر لە کوردستان و بە پێی هێندێك ئامار پتر لە ٧٠ کەس لە ٤ مانگی ڕابردوودا لە لایەن ڕێژیمەوە لە کوردستان دەستبەسەر کراون و هاوکات لەگەڵ ئەوانەش، ڕێژیم زۆر بە بەربڵاوی شەڕێکی دەروونیی لەگەڵ ڕاسان لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکانی خۆیەوە دەست پێکردووە، بەڵام هیچ کام لەو ڕێگایانەی کە وەك پڕۆژەی سەرکوت لە لایەن ڕێژیمەوە گیراوەتە بەر، نەبۆتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ڕاسان بپرینگێنەوە، واتە سەرکوتی ڕێژیم لەگەڵ ئەوەی بەرین و دڕندانە بوو، بەڵام نەبۆتە هۆی ئەوەی کە ترس لە نێو کۆمەڵگادا ساز بکات و ببێتە بەربەست بۆ پەیوەندیگرتنی خەڵك لەگەڵ ڕاسان، بەڵکوو کۆمەڵگای کوردستان ڕاسان وەك ڕەوتێکی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد سەیر دەکات و تەنانەت زۆر بە پانەوە لە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکاندا پشتگیریی لێ دەکات و لە نێو قسەی ڕۆژەڤی ژیانی کۆمەڵگادا باسی لە سەر دەکرێت. سەرەڕای ئەوەش، بەشێك لە چەکدارانی ڕێژیم لە دەرئەنجامی ڕاساندا چەکیان داناوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەش، هاوشانی پێشمەرگە هێزی نهێنیی چەکداری لە نێو شارەکانی کوردستاندا پێك هاتووە و وەك دەبینین لەگەڵ ئەو سەرکوتە بەرینەی ڕێژیم هەتا ئێستا ئەو هێزە نهێنییە چەندین چالاکیی چەکدارییان کردووە، جیاوازیی ئەوان لەگەڵ پێشمەرگە ئەوەیە کە ئەوان هێزێکی نهێنن و لە نێوکۆمەڵگادان، کەوایە چالاکییان بەو مانایەیە کە توندوتیژییەکانی ڕێژیم ڕوو بە پێشمەرگە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو هێزە بترسێت و لە کردەکانی خۆی پاشەکشە بکات. بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین ماشێنی سەرکوتی ڕێژیم لە ئێستادا لەگەڵ ئەوەی کە لەوپەڕی دڕندەیی خۆیدا بەرەوڕووی ڕاسان بۆتەوە، بەڵام ئامانجی خۆی کە سازکردنی ترس و خۆف لە کۆمەڵگادایە نەپێکاوە و بە درێژبوونەوەی ڕاسان لە ڕووی کاتییەوە بە دڵنیاییەوە ڕۆژبەڕۆژ ئەو ڕێژە ترسەی کە سەرکوتی سەربازی لە کۆمەڵگادا سازی دەکات، کارتێکەریی لەسەر کۆمەڵگا کەمتر و کەمتر دەبێتەوە، ئەوەش بە واتای ئەوەیە کە ڕێژیم گرینگترین چەکی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی لە کۆمەڵگای کوردستاندا کە هەمان سازکردنی ترس لە ڕێگای سەرکوتەوە بووە، خەریکە لە دەستی دەدات. ئەوە دووهەم دەستکەوتی گرینگی ڕاسانە، چوونکە سەرکوت بە مەبەستی سازکردنی ترس و خۆف و ترس و خۆفێك کە لە دەروونی تاکدا دەچەقێندرێ و بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای کوردستان دەکار دەکرێ، هەمیشە چەکی بەهێزی ڕێژیم لە کوردستاندا بووە. ئەوە لە کاتێکدایە لە دوای ڕاسان ئەو چەکەی ڕێژیم لە ئاستی پێویستدا نەیتوانیوە خۆف و ترس لە نێو کۆمەڵگادا ساز بکات، بەڵکوو بە پێچەوانە هەیمەنەی دەزگای سەرکوتی ڕێژیم شکاوە، ئەوەش بەو مانایەیە کە گرینگترین چەکی ڕێژیم بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی لە ڕۆژهەڵاتدا خەریکە ناکارامە دەبێت. کەوایە ڕاسان لە هەنگاوی دووهەمدا دەزگای سەرکوتی ڕێژیمی تووشی کۆسپ کردووە و بێگومان درێژەدانی ڕاسان بە مانای قووڵبوونەوەی قەیران لە نێو دەزگای سەرکوتی ڕێژیمدایە.

بڵاوبوونەوەی هەواڵی هەڵبەستراو لەسەر نسکۆی ڕاسان لە لایەن ڕاگەیاندنەکانی ڕێژیمەوە، بە جۆرێك سەرکەوتوو نیشاندانی دەزگای سەرکوتی ڕێژیمە کە لە ماوەی ٦ مانگی ڕابردوودا لە ئەمری واقیعدا نەیتوانیوە ئامانجەکانی خۆی لە کوردستاندا بپێکێت.هەڵبەت شکستی دەزگای سەرکوتی ڕێژیم لە مانایەکی دووهەمدا بە واتای ئەوەیە کە دەزگای دیپلۆماسی و تیرۆری ڕێژیم بۆ نسکۆی ڕاسان بکەونە گەڕ و ئەوەش بۆ ڕاسان هۆشدارێکە و ڕاسان لە ئێستادا دەبێ زیاتر لە جاران خۆ ساز بکات بۆ ئەوەی کە لەگەڵ دەزگای دیپلۆماسی و تیرۆری ڕێژیم بەرەوڕوو بێتەوە. دو هۆکاری سەرەوە کە باسیان لێوە کرا، هۆکاری گرینگی دەنگدانەوەی هەواڵی هەڵبەستراو لەسەر نسکۆی ڕاسان لە ڕاگەیاندنەکانی ناوخۆی ئێراندایە و ئەوانەش پێمان دەڵێن کە ڕاسان لە قۆناغی یەکەمدا سەرکەوتوو بووە و دەبێت خۆ بۆ قۆناغەکانی دواتر ساز بکات.



# درک له چاوی خۆیاندا نابینن

شەماڵ تەرغیبی

حەسەن ڕووحانی سەرکۆماری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٧ی ڕەزبەر و لە یەکەم سەفەری خۆیدا پاش گەڕانەوە لە نیۆیۆرک، لە قەزوین ڕوو لە خەڵکی کۆکراوە لە دەوری، داوای لە ڕاگەیەنە گشتییەکان کرد کە بەراوردێک لە نێوان بارودۆخی ئێران و عەرەبستاندا بکەن و بە خەڵك بڵێن کە دۆخی وڵاتانی دیکە لەباری ئابوورییەوە زۆر شپرزە و ئەبێ شاگەشکە بن بەوەی لە ئێرانێکی "ئاسوودە" و "دوور لە دڵە ڕاوکێ"دا دەژین کە خاوەنی ئیدارەیەکی ئیسلامی دواتر بەوپەڕی ڕووهەڵماڵراوی درک لە چاوی خۆیدا نابینێت و قولاپەی وڵاتانی دیکە دەگرێت و وەک "ئامۆژگاری" کردن بە ڕاگەیەنەکان دەڵێت کە؛ برۆن باسی کەموکوڕییەکانی عەرەبستان بکەن؛ بۆ ڕۆچوونە نێو ئەم بابەتە و گرینگیدانی زیاتر بەم لایەنە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێک ڕاستی وڵاتێکی وەک عەرەبستان لە باری ئابوورییەوە دەکەین کە ڕووحانی و تاقمەکەی نایانهەوێ ببینن: ئابووریی عەرەبستان ئابوورییەکی بەتەواوی کراوەیە؛ نیزیک بە ٣٥٪ی بەرهەمەکانی ئەم وڵاتە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەرهەم دەهێنرێن؛ نیزیک بە ٩ میلیۆن کرد کە بەهۆیەوە تا ساڵی ٢٠٣٠ بڕیارە نێونجی داهاتی هەر خانەوارێکی سعودی ٦٠٪ زیاد بکات، ٦ میلیۆن هەلی کاری نوێ دابنرێت، سیستمی دانی گرین کارت بە هاووڵاتیانی بیانی وەگەڕ بخرێت. درکاندنی ئەم پلانە نوێیەش هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتە بەناوبانگەکەی بلومبێرگ کە تێیدا پێشبینی کردبوو عەرەبستان تاکوو ١٥ ساڵی دیکە دەبێتە یەکێک لە ٢٠ زلهێزی ئابووریی جیهان.لەبەرانبەر ئەم داتا و زانیارییانەدا و بۆ ئەوەیکە ئەوپەڕی دۆشداماویی کۆماری ئیسلامی لە باری ئابوورییەوە بخەینەڕوو، لێرەدا ئاماژە بە ٢ نموونە لە ئامارە فەرمییەکانی




"بێ کێشە"یە!

ناوبراو لە قسەکانیدا دەڵێ: عەرەبستانی سعوودی کە بەرهەمهێنەر و هەناردەکاری نەوتە لە ماوەی ڕابردوودا بەهۆی شپرزەیی دۆخی ئابووری و کەم بوونەوەی نرخی نەوت، تووشی قەیران هاتووە و هەموو کارمەندەکانی خۆی کەم کردۆتەوە، هەروەها ئەم وڵاتە لە ساڵی ڕابردوودا ١٠٠ میلیارد دۆلار کەمیی بودجەی هەبووە! ڕەنگە مەبەستی ناوبراو لە "ئێرانی ئاسوودە"، "ئێرانی دوور لە دڵەڕاوکێ" و "ئیدارەی بێ کێشە" ئەو بەشە لە ئێران بێت کە بەڕێزیان و هاوپیاڵەکانیان تێیدا دەژین و بە دوور لە کێشەکانی وەک هەژاری، گرانی، هەڵاوسان، گەندەڵی، بێکاری، ئێعتیاد، تەڵاق، دزی و ڕاوڕووت کە یەخەی خەڵکی ئاسایی ئێرانی دادڕیوە بە "ئاسوودەیی و بێ دڵەڕاوکێ" دەژین و "بەبێ کێشە" ئیدارەی کۆشکەکانیان دەکەن! دەنا کێ هەیە کە لە ئێراندا بژی و ڕۆژانە چاوی بەو گرفتانە نەکەوێت کە ئاغای ڕووحانی نایبینێت یان حەزی لێ نییە ببینێت؟دەمامکە "ئیسلاحخواز"ەکەی کۆماری کرێکار لە وڵاتانی دیکەوە ڕوویان لەم وڵاتە کردووە و تێیدا کار دەکەن؛ سەرەڕای کەمیی ئاو و گەشەی حەشیمەت، هەوڵێکی جیددی بۆ خۆبەڕێوەبەری لە بواری کشتوکاڵ بوونی هەیە؛ هەڵاوسانی ئەم وڵاتە ١/٥٪ە کە کەمترین هەڵاوسانە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا؛ عەرەبستان خاوەنی پاڵاوگەی نەوت و پێترۆشیمییە و لەبواری بەرهەمهێنانی سیمان، پۆڵا، کوودی شیمیایی و پلاستیک دەستێکی باڵای لە ناوچەدا هەیە و جگە لەمەش لەبواری بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی مەیگوو و خورما پشکی شێری بەرکەوتووە.عەرەبستانی سعودی یەکێک لە گەورەترین جەمسەر و ناوەندەکانی توریزمی دینییە و بەهۆی هەڵکەوتنی کەعبە لەم وڵاتە ساڵانە چەندین میلیۆن کەس بەمەبەستی حەج ڕوو لە عەرەبستان دەکەن کە داهاتی ئەم سەردانە ساڵانە (بۆ وێنە لە ساڵی ٢٠١٤) ٨میلیارد و ٥٠٠ میلیۆن دۆلار بووە.

هەر لەم پێوەندییەدا وەزارەتی ئابووریی عەرەبستان ساڵی ڕابردوو باسی لە خستنەگەڕی پلانێکی درێژخایەنی ئابووری دەوڵەتی "تدبیر و امید" دەکەین کە ڕەنگە ئاغای ڕووحانی هەر ئاگاشی لێی نەبێت:

نوێترین ڕاپۆرتی بانکی ناوەندیی ڕێژیم بۆ ساڵی ٩٤ی هەتاوی باس لەوە دەکات کە؛ بەبەراورد لەگەڵ ساڵی پێشتری خۆی، ئاستی داهات و تێچووەکانی خانەوارەکان، گۆڕانی بەسەردا هاتووە و نێونجی تێچووی مانگانەی خانەوارە شارنشینەکان لە ئێران بریتییە لە ٢ میلیۆن و ٩٣٨ هەزار تمەن کە لە ساڵدا دەکاتە ٣٥ میلیۆن و ٢٥٩ هەزار تمەن؛ زیاتر لە ٢٦٪ی خانەوارەکانی ئێران تەنانەت خاوەنی ١ تاکی خاوەن پیشە نین کە ئەمە بەمانای چوونە سەری نرخی بێکاری لە ئێراندایە؛ ڕێژەی قەرزەکانی دەوڵەت و کۆمپانیا دەوڵەتییەکان بریتییە لە ٦٢ هەزار میلیارد تمەن، کە ئەمە نیشاندەری چوونەسەری ٢٠٠٪ی ئاستی قەرزەکانە؛ ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە پووشپەڕی ساڵی ٩٣دا ئەم ڕێژەیە ٣٤ هەزار میلیارد تمەن بووە، واتە لە ماوەی ٢ ساڵدا قەرزەکانی دەوڵەت نیزیک بە ٢ قات زیادیان کردووە.

---

## هەواڵی ئابووری

## قەرزەکانی دەوڵەتی یازدەیەم ٢٠٠٪ زیادیان کردووە

هاوکات لەگەڵ چوونە سەری ڕێژەی نەخدینەیی لە ئێران بەڕێژەی ٣٠٪ بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو، بانکی ناوەندییش ئاشکرای کرد کە تەنیا لە ٤ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ڕێژەی قەرزەکانی دەوڵەت ٢٠٪ زیادیان کردووە..

ڕۆژنامەی "ابرار اقتصادی" بڵاوی کردەوە؛ بانکی ناوەندیی ڕێژیم لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا ڕایگەیاندووە؛ لە کۆتایی مانگی پووشپەڕی ئەمساڵدا ڕێژەی نەخدینەیی ٣٠٪ زیادی کردووە و لە سنووری ١٠٨١ هەزار میلیارد تمەن تێپەڕیوە.

هاوکات لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە؛ ڕێژەی قەرزەکانی دەوڵەت و کۆمپانیا دەوڵەتییەکان بریتییە لە ٦٢ هەزار میلیارد تمەن کە ئەمە نیشاندەری چوونەسەری ٢٠٠٪ی ئاستی قەرزەکانە.

ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە پووشپەڕی ساڵی ٩٣دا ئەم ڕێژەیە ٣٤ هەزار میلیارد تمەن بووە، واتە لە ماوەی ٢ ساڵدا قەرزەکانی دەوڵەت نیزیک بە ٢ قات زیادیان کردووە.درکاندنی ئەم ئامارانە لەکاتێکدایە کە لێپرسراوانی حکوومەتی یان حاشا لەم کەتوارە ئابوورییانە دەکەن یان بەردەوام سەرقاڵی دانی بەڵێنی بێ نێوەڕۆکن، بۆوێنە لە پوشپەڕی ساڵی ٩٤دا وەزیری ئابووریی ڕێژیم بەڵێنی دابوو کە بەپێی پلانی "دانەوەی قەرزەکان"، لە ماوەیەکی کورتی پاش بەرجام، ڕێژەی قەرزەکان بگەیێننە کەمترین ئاستی خۆی!بەپێی لێدوانی کارناسان چاوەڕێ دەکرێت لە داهاتوویەکی نیزیکدا شاڵاوێکی دیکەش لە کەموکوڕییە ئابوورییەکان یەخەی ئێران بگرێتەوە؛ ڕۆژنامەی "جهان صنعت" لە زاری سکرتێری ماڵیی ئابووریی ئێران، مەسعوود هوشمەندەوە بڵاوی کردەوە کە بەهۆی دانی کارتی ئێعتباری لە ماوەیەکی زەمەنیی کورتدا ڕێژەی نەخدینەیی و هەڵاوسان لە ئێراندا دەچێتە سەرێ و دەبێ چاوەڕێی لافاو بین.

## بەرپرسانی قوتابخانەکانی بۆکان داوای پارەی نەختی لە قوتابیان دەکەن

قوتابخانەکانی شاری بۆکان لە سەرەتای کرانەوەیاندا داوای بڕە پارەی نەختی لە بنەماڵەی قوتابیان دەکەن.

پاش کرانەوەی قوتابخانەکانی شاری بۆکان و گوندەکانی ئەو ناوچەیە لە مانگی ڕەزبەری ئەمساڵدا، بەڕێوەبەری قوتابخانەکان داوای پارەیان لە بنەماڵەی قوتابییان کردووە کە؛ لە نێوان ٥٠ تا١٠٠ هەزارتمەن پارە بۆ قوتابخانە بێنن.

لە گوندی ڕەحیمخان و سەراو، مودیری قوتابخانەکە داوای بڕی پارەی٧٠ هەزارتمەن بۆ هەر قوتابییەکی کردووە، کە بۆ ساڵی نوێی خویندنی ٩٥-٩٦ لەگەڵ خۆیان بیهێنن.

پێشتریش ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی شاری بۆکان، بۆ ناونووسیی ساڵی تازەی خوێندن، قەبزی پارەی بۆ قوتابخانەکانی ئەو شارە ناردبوو و پارەی زۆرەملی لە قوتابیان وەردەگرت و ئەوەش ناڕەزایەتی بنەماڵەی قوتابیانی لێ کەوتبووە.

ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیم لە شاری بۆکان، لە قەبزەکاندا بڕی پارەی دڵخوازیان نووسیبوو کە لە ٧٠ هەزار تمەن تا سەرووی ١٠٠ هەزار تمەنی لەخۆ دەگرت.

بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بە هەژارترین وەزارەتخانە ناو دەبەن، بەڵام هیچ هەنگاوێک بۆ چارەسەریی کێشەی ماددی و ئیمکاناتی ئەو وەزارەتخانەیە هەڵناگرن.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، تەرخان نەکردنی تێچووی پێویست بۆ قوتابخانە لە کوردستان، تێچووی بەڕێوەبەریی قوتابخانە و پێداویستیی و کەرەستەی پێویستی قوتابخانەکانی خستووەتە سەر شانی سەرپەرەستی قوتابیان.

بەپێی بەندی یەک، مادەی ٢٦ی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە پەیوەندی لەگەڵ پەروەردە و بارهێنانی خۆڕایی و گشتی، وا هاتووە؛ "هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا مافیان هەیە لە پەروەردە و بارهێنانی خۆڕایی بەهرەمەند بن و ئیدارەی پەروەردە و بارهێنان دەبێ لانیکەمی پێداویستییەکانی پەروەردەی سەرەتایی خۆڕایی بۆ هاووڵاتییان دابین بکات".

## تێچووەکانی ژیان لە ئێران گەلێک گرانتر بوون

دوایین ڕاپۆرتە فەرمییەکانی ڕێژیم باس لە بەرزبوونەوەی تێچووەکانی ژیان لە ئێران دەکات.

نوێترین ڕاپۆرتی بانکی ناوەندیی ڕێژیم بۆ ساڵی ٩٤ی هەتاوی باس لەوە دەکات کە؛ بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشووتری خۆی، ئاستی داهات و تێچووەکانی خانەوارەکان، گۆڕانی بەسەردا هاتووە و نێونجی تێچووی مانگانەی خانەوارە شارنشینەکان لە ئێران، بریتییە لە ٢ میلیۆن و ٩٣٨ هەزار تمەن کە لە ساڵدا دەکاتە ٣٥ میلیۆن و ٢٥٩ هەزار تمەن.

دەرەنجامی ئەم ڕاپۆرتە کە بە تاوتوێ کردن و لێکۆڵینەوە لەسەر ١٢ هەزار و ٧٠٠ خانەوار هاتۆتە دەست، دەری دەخات کە زۆرترین تێچووەکانی خانەوارەکان بۆ بەشی خانوبەرە، وزە و سووتەمەنی، خواردن و خواردنەوەکان دەگەڕێتەوە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە تێچووی خانوبەرە ١٢/٤٪ و تێچووی خواردەمەنییەکان ٣/١٪ زیادیان کردووە.

بەشێکی دیکەی ئەم ڕاپۆرتە تەرخان کراوە بۆ چوونەسەری ٥/٧٪ی تێچووی خوێندن بۆ خانەوارەکان لە ئێران، کە بە یەکێک لە لەمپەڕ و ئاستەنگەکانی بەردەم پڕۆسەی خوێندنیش بە ئەژمار دێت و وەک هۆکارێک لەمەڕ وازهێنانی قوتابیان لە خوێندن لە قەڵەم دراوە.

دەرەنجامی ڕاپۆرتەکەی بانکی ناوەندی دەری دەخات کە؛ زیاتر لە ٢٦٪ی خانەوارەکانی ئێران تەنانەت خاوەنی ١ تاکی خاوەن پیشە نین کە ئەمە بەمانای چوونە سەری نرخی بێکاری لە ئێراندایە.

ئەم ئامارانە لەکاتێکدا بڵاو دەبنەوە کە بەرپرسانی حکوومەتی و بەتایبەت ناوەندی ئاماری ئێران باسیان لە نەمانی هەڵاوسان دەکرد و ناوە بە ناوە کۆمەڵێک ئاماریان دەدا بە بیروڕای گشتی کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگە یەکیان نەدەگرتەوە.

## وەزیری وزەی ئەمریکا: ئێران نابێ بەهۆی بەردەوامیی بەشێک لە گەمارۆکانەوە گلەیی بکات

ئێرنێست مۆینز، وەزیری وزەی ئەمریکا دەڵێ؛ ڕێژیمی ئێران مافی ئەوەی نیە بە هۆی بەردەوامبوونی بەشێك لە گەمارۆ ئابوورییەکان گلەیی لە ئەمریکا بکات.مۆینز ڕۆژی دووشەممە ٢٦ی سێپتامبر لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی لە پەراوێزی کۆبوونەوەی ساڵانەی ئەندامانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی لە بنکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕایگەیاند: "ئەو بەشە لە گەمارۆکان کە دەبوایە هەڵبوەشێنرێنەوە، هەڵوەشێنرانەوە. ئەوە مەسەلەیەکە کە ئێمە بەڵێنمان داوە و جێبەجێشمان کردووە".پێشتر عەلی ئەکبەر ساڵحی، سەرۆکی ڕێکخراوی وەزی ئەتۆمیی ئێران گوتبووی: "چاوەڕوانییەکان بۆ هەڵوەشانەوەی تەواو و خێرای هەموو گەمارۆکانی سەر ئێران بەگوێرەی بەرجام، وە دی نەهاتوون".

هەروەها حەسەن ڕووحانی، سەرکۆماری ڕێژیمی ئێرانیش حەوتووی ڕابردوو گوتبووی کە ئەمریکا بەرانبەر بە بەڵێنییەکانی خۆی لە ڕێککەوتنی ناوکیدا پابەند نەبووە، ڕێککەوتنێك کە بەو پێیە ئێران بەرنامەی ئەتۆمیی خۆی سنووردار کردووە و لە بەرانبەردا، ئەو گەمارۆیانەی کە بە هۆی ئەو بەرنامەیە بە سەریدا سەپێنرابوون، هەڵدەوەشێنرێنەوە.بەڵام وەزیری وزەی ئەمریکا گوتی کە؛ واشینگتۆن تەنانەت زیاتر لە بەڵێنییەکانی خۆی چۆتە پێش و بەرپرسانی ئەمریکایی بە کۆمەڵێك لە بانکە ئورووپاییەکانیان وتووە کە هیچ بەربەستێکیان بۆ پێوەندی و هاوکاری لەگەڵ ئێران نیە، بەڵام تا ئێستا تەنیا چەند بانکی بچووك قبووڵیان کردووە کە لەگەڵ تاران هاوکاری بکەن.

بانکە دەرەکییەکان بەهۆی ترس لە پێشێلکرانی هێندێك لە گەمارۆکان کە هێشتا ئەمریکا دژ بە ئێران بەڕێوەیان دەبات، ترسیان لە هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێژیمی ئێران هەیە. ئەو گەمارۆیانە بەهۆی هێندێك پرسی بەدەر لە چالاکیی ناوکی بە سەر ڕێژیمی ئێراندا سەپێنراون.

# خەباتی نا-توندوتیژ و دۆخی ئێران

**بیریار**

لە سەردەمی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی بۆ سەرۆک کۆماریی ئێران، وەک خولەکانی تری ئەو شانۆگێڕییە، لەلایەک پڕوپاگەندەی حکوومەت وەک هەموو هەڵبژاردنەکانی تر و بەڵێنی دانی درۆیینە بۆ هەڵخڵەتاندن و فریودانی خەڵک و ڕاکێشانیان بۆ پێی سندۆقەکان دەستی پێ کردبوو، و لەلایەکی ترەوە وەک جاری جاران دیسان هەندێ چالاکی کورد بە پاساوی جۆراوجۆر کەوتبوونە هاندانی خەڵک بۆ دەنگدان. دیارە کاری حکوومەت وەک هەمیشە لە ئاڕاستەی ئامانجی سیاسی خۆی و ڕەوایی بەخشین بە سیستمە سیاسییەکەی، بۆخۆی پاساودار بوو. ڕێژیم لە پێناو سیاسەتی خۆیدا هەموو کارێک دەکات و لە هەموو ئامرازەکان کەڵک وەردەگرێت کە هەڵبژاردنیش یەک لەوانەیە. ئەگینە هەمووان بە چاکی دەزانن کە مێکانیسمی هەڵبژاردن بە تەنیا بە واتای دێموکراسی نییە و بە بێ هەبوونی پێش مەرجەکانی، لەوانە ئازادیی سیاسی، ناکرێ وەک هەڵبژاردنی دێموکراتیک ناودێر بکرێت، و بەتەنیا شانۆگەرییەک دەبێت لە چەشنی ئەوەی عێراقی سەردەمی سەددام و کۆرەی باکوور و.... بۆیە لێرەدا بۆ ڕوونبوونەوە تەنیا تیشک دەخرێتە سەر سیاسەتی لایەنەکەی تر، واتە تاقمێک لە چالاکوانانی کورد.

ڕەنگە زۆرێک لە پاساوەکانی ئەو لایەنانەی بەشداریی شانۆگەریی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی ئێران دەکەن زۆر سەیر نەبن و هەرچۆنێک بێت لە پێناو سیاسەت و بەرژەوەندیی تاکەکەسی و گرووپیی خۆیاندا ئەو کارەیان کردبێت و بەرژەوەندییان ئەوەی ویستبێت. بەڵام سەیر لەوەدابوو کە هەندێ کەس ڕێک لە چەند ڕۆژی پێش هەڵبژاردندا لە ژێر ناوی خەباتی مەدەنی و بێ توندوتیژی و تەنانەت وەک پێڕەوانی ڕێبازی گاندی بە توندی خەڵکیان بۆ پێی سندۆقەکان هان دەدا. دیار بوو ئەمانە نە لە خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژ تێگەیشتبوون و نە لەگەڵ ڕێباز و کەسایەتی ڕێبەرە ناسراوەکانی خەباتی بێ توندوتیژی ئاسیاویی ئەوتۆیان هەبوو و تەنیا بۆ کەڵکی نالەباری سیاسی و هەلپەرستی و ڕێبازی پارێزکارانەی خۆیان پەنایان بۆ بردبوو. ئەمانە ئەوەیان ڕەچاو نەکردبوو کە ئەو ڕێباز و بنەما و شێوازانە لە جیهاندا تارادەیەک ناسراون کە هەروا بە هاسانی ناکرێت خۆ بەوانەوە هەڵواسن. هەرچۆنێک بێت لە سەروبەندی ڕۆژی جیهانیی بێ توندوتیژیدا، وەک دەرفەتێک پێویستە بۆ وەبیرهێنانەوە ئاوڕێک لەم ڕێبازە بدرێتەوە.

خەباتی ناتوندوتیژ بەو واتایە کە لە زۆر و توندوتیژی بۆ گۆڕانی سیاسی یان کۆمەڵایەتی کەڵک وەرنەگیردرێت. ئەم ڕێبازە لە شێوازە جۆراوجۆرەکانیدا بریتی بووە لە خەباتێکی بەردەوامی مەدەنی و کورت نەکراو بە کاتێکی تایبەت تا گەیشتن بە ئامانجەکان و لەو پێناوەدا لە هەموو هەل و دەرفەتەکان و شەبەنگێک لە شێوازە مەدەنییەکان کە توندوتیژی تێدا نەبێت کەڵک وەرگیردراوە؛ لە نافەرمانیی مەدەنی و مانگرتنەوە تا نوێژ و ڕۆژووی سیاسی وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی. لە چەشنی ئەم بزووتنەوانە دەکرێ ئاماژە بکرێت بە بزووتنەوەی هاوکاری نەکردنی گاندی لە سەردەمی بزووتنەوەی سەربەخۆیی خوازیی هێند، بزووتنەوەی مافی مەدەنی مارتین لوتەر کینگ لە ئەمریکا، شۆڕشی دژە هەڵاواردنی ماندێلا لە ئافریقای باشوور و شۆڕشی دەسەڵاتی خەڵک لە فیلیپیندا.

ژیان، بەسەرهات و شێوازی خەباتی ڕێبەرانی گەورە و کاریگەریی ڕێبازی ناتوندوتیژیان وەک گاندی و پاش ئەویش مارتین لوتەر کینگ و ماندێلا، بە ساکاری دەریدەخات کە هەوڵی کاتیی و هەلپەرستانەی تاقمێک لە ڕووداوێکی کاتیی وەک هەڵبژاردن و بەوجۆرە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یارمەتیدانی سیاسەتەکانی ڕێژیمە سەرکوتگەرەکان، نە خەباتە و نە بەتەنیایی دەکەوێتە بازنەی ڕێبازی خەباتی ناتوندوتیژەوە. بۆیە سووکە ئاوڕدانەوەیەک لە شێوازی خەباتی ئەم ڕێبەرانە پێویستە.

هەروەک ڕۆژی جیهانیی بێ توندوتیژی بە بۆنەی لەدایکبوونی ماهاتما گاندییەوە دیاریی کراوە، ئەو پیاوە مەزنە دامەزرێنەر، گەورەترین و کاریگەرترین ڕێبەری ڕێبازی خەباتی ناتوندوتیژانە بووە. خەباتی گاندی لە دژی بەریتانیا ساڵانێکی زۆر و بەردەوام درێژەی هەبوو. وێڕای ئەوەی کە هەڵبژاردن و تارادەیەکی زۆریش پێش مەرجەکانی هەڵبژاردن وەک ئازادیی حێزب و گرووپە سیاسییەکان و ڕادەربڕین و چاپەمەنییەکان و... هەبوو، گاندی هیچکات خەباتی خۆی سنووردار نەکردەوە بە هەڵبژاردن و کاتی هەڵبژاردنەوە. ئەگەرچی حیزب و ڕێکخراوەکان بەتایبەت حیزبی کۆنگرە و ڕێبەرانی سیاسی تر زیاتر لەو کاتانەدا چالاک بوون و زۆرینەی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردندا دەستەبەر دەکرد، بەڵام هیچکات لە چالاکیی سیاسیی بەردەوام لە دژی بەریتانیا دەستیان نەدەکێشا و پشووی چوار-پێنج ساڵەیان نەبوو کە تەنیا بە هیوای هەڵبژاردن بن. کاری سیاسی و چالاکیی بەردەوام بوو کە خەڵکی هان دەدا لە هەڵبژاردنەکاندا بە حیزبی کۆنگرە و نوێنەرانی ڕاستەقینەیان دەنگ بدەن و بریتانیاش بە هۆی تەشەنەی ڕێبەران و خەڵکەوە بوو کە لە دواییدا کۆڵی دا. گاندی بەردەوام بە وتەبێژی، نووسین، چالاکیی مەدەنی و... لە چالاکی و بزاوتندا بوو و بەردەوام هەلی دەرەخساند. چاوەڕێی کاتی هەڵبژاردن نەبوو، ئامانج و ستراتێژی هەبوو و لەو پێناوەدا جگە لە توندوتیژی، هەموو هەوڵێکی دەدا و ڕاوەستانی بۆ نەبوو. بە هانای بزووتنەوەی خەلافەتی موسڵمانەکانەوە چوو و ئەوەی بە نافەرمانیی مەدەنی و هاوکاری نەکردن لەگەڵ ڕێژیم و بەکارنەهێنانی کەلوپەلی بیانی و کۆڕ و کۆبوونەوە و وتەبێژی و نوێژ و ڕۆژووگرتن و پێکهێنانی هێماکان

درێژدا. کەوتە بەندیخانە و زەجری دیت، بەڵام لە ئامانجەکەی کە ڕاشکاوانە سەربەخۆیی هێند بوو دەستی نەکێشا. هەمووی ئەمانە لە کاتێکدا بوو کە دەرەتانێکی کراوە و دێموکراتیک بۆ بەدواداچوونی ئامانجەکان هەبوو. حیزبی کۆنگرە لە ژێر ڕێبەرایەتی مەعنەویی گاندیدا بە شێوەی یاسایی خەباتی سیاسی دەکرد.لە پاش گاندیش لە دیکەی وڵاتەکاندا ئەم ڕێبازە بەردەوام، ناتوندوتیژ و هەر لەو کاتەشدا هەستەمە بەکار هێنرا. مارتین لوتەر کینگ بە هاندانی خەڵک و مەعنەوییەتی پتەوی خۆی لە بزووتنەوەی مافی شارستانیدا خەڵکی بۆ هاتنە سەرشەقام و وروژاندنیان بە قسە و وتەبێژی هاندەدا و لە پێناو دادپەروەریی و بەرابەریدا هەموو هەوڵێکی ناتوندوتیژانەی دەدا. ئەوە لە کاتیکدا بوو کە ئازادیی سیاسی و چالاکیی یاسایی و هەڵبژاردنی ئازاد هەبوو. بەوەشەوە، خۆ بە بێ هەلی ئاگاکردنەوەی خەڵک و ئازادیی ڕێپێوان و کۆڕ و کۆبوونەوە، تەنیا بوونی هەڵبژاردن کاریگەر نییە، بۆیەچالاکیی سەرشەقامی هەڵبژارد و بەردەوام بوو لە پێناوی ئامانجە دادپەروەرانەکەیدا و ئەگەرچی گیانی خۆی بەخت کرد، بەڵام تارادەیەکی زۆر بزووتنەوەکەی بە ئاکام گەیشت. لە ئافریقای باشوور، ماندێلا خۆی بۆ ڕزگاریی گەلەکەی تەرخان کرد و تا گەیشتن بە ئامانج دەستبەرداری نەبوو و بە جۆرێ ناوی خۆی لە ڕیزی ناوە هەرماوەکانی مێژوو و خەباتی ناتوندوتیژدا تۆمار کرد.

لەو وڵاتەدا لانیکەم ئەو دەرەتانە هەبوو کە وێڕای زەجرێکی زۆر و هەوڵ و تێکۆشان چالاکیی سیاسی درێژە بدرێت و داهاتوویەکی ڕوونیان بۆ بڕەخسێت و داخوازییەکانیان وەرگیردرێت.

شێوازی خەباتی ئەم ڕێبەرانە، تایبەتمەندییەکانیان و هەلومەرجی وڵاتەکانیان، پیشاندەری هەندێ لایەن و تایبەتمەندین کە ڕێبازی بێ توندوتیژی خەبات و ئەوەی کە لە چ بارودۆخێکدا ئەو ڕێبازە سەرکەوتوو دەبێت، دیاری دەکەن. ئەم لایەنانە بریتین لە: یەکەم، دۆخی سیاسیی وڵاتەکان و بوونی دەرەتانی کراوەی پێویست، هەرچەندیش کەم، بۆ چالاکیی سیاسی؛ دووەم، سنووردار نەکردنەوەی کاتی خەبات و بەردەوام بوونی تا گەیشتن بە ئامانج؛ سێیەم، پارێزکار و هەلپەرست نەبوونی ڕێبەران و چالاکوانانی سیاسی و بوونی ڕۆحی فیداکاریی و بڕوا بە ڕێبازی خۆیان و خۆ تەرخان کردن بۆ ئەو ڕێگایە. ئەم سێ خاڵە دەتوانن سێ پێوەری گشتی بن بۆ بەراورد کردنی ئەوەی کە، لەلایەکەوە، ئاخۆ کاری بانگخوازان و هەڵسوڕاوانی کورد لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەوێتە بازنەی ڕێبازی خەباتی ناتوندوتیژ و مەدەنی یان نا؟ و لەلایەکی تریشەوە ئاخۆ لە پێشگرتنی ئەو ڕێبازە بەتەنیایی بۆ دۆخی ئێران دەشێت یان نا؟

**یەکەم،** لە وڵاتی ئێراندا لانیکەمی ئازادیی سیاسی نەبووە تاکوو بەتەنیا خەباتی سیاسی و ناتوندوتیژ لە پێش بگیردرێت. سەرکوتکردنی چالاکی سیاسی لەوپەڕی خۆیدا و بێبەزەییانە بووە. لە وڵاتانی نموونەی ئاماژەپێکراودا ئەگەرچی ڕێبەران و چالاکوانانی سیاسیش کەوتبێتنە بەندیخانە و سەختییان چێشتبێت، بەڵام لە دەرەوەی بەند و لە نێو خەڵکدا چالاکی و پاڵپشتی لەوان درێژەی هەبووە، کەچی لە ئێراندا وانەبوو. تەنانەت لە نێو خودی فارسەکاندا ئەوە چەند ساڵە ڕێبەرانی بزووتنەوەی کەسک گیراون و هەموو چالاکییەکانی ناو کۆمەڵگاشیان ڕاگیردرا و سەرکوت کرا. هەر لەم پێوەندییەدا، بوونی خەباتی ناتوندوتیژیش هەمیشە بە واتای نەبوونی توندوتیژی لەو وڵاتانەدا نەبووە. بۆ وێنە لە هێندستان وێڕای ئازادیی سیاسی و خەباتی مەدەنی و یاسایی، هەندێ لایەنی توندئاژۆ و خاوەن بڕوای شۆڕشگێڕانە هەبوو و تەواوکەری شۆڕشی ناتوندوتیژ بوون. هەرچۆنێک بێت پێش هەڵبژاردن، چەند پێش مەرجی وەک ئازادیی حیزب و ڕێکخراو، ئازادیی ڕادەربڕین و چاپەمەنییەکان و ئازادیی بەشداریی لە دەسەڵاتدا پێویستە کە هیچ کام لەمانە لە ئێراندا بوونیان نییە. هەرچەند بوونی خەباتی سیاسی و ڕکابەرایەتی حیزبی لە هەڵبژاردندا بە واتای خەباتی ناتوندوتیژ نییە و تەنیا دەکرێ بەشێکی بچووکی بێت، ئەویش ئەگەر ئازادیی سیاسی هەبێت و شانۆگەری نەبێت.

**دووەم،** کەواتە خەباتی ناتوندوتیژاوی بە واتای سنووردارکردنەوەی خەبات بۆ کاتی هەڵبژاردن، ئەویش هەڵبژاردنێکی نادێموکراتیک، نییە، بەڵکو چالاکی بەردەوامی دەوێت کە لە ئێراندا بۆی نییە. کوردە ڕیفۆرمخوازەکان لە هەلبژاردنێکەوە بۆ هەڵبژاردنیکی تر لە پشوو و خەودان و متەقیان لێوە نایەت و تەنانەت بەدواداچوونی ئەو بەڵێنییە درۆییانەش کە پێیان دەدرێت ناکەن یان پێیان ناکرێت. کاتێک دەرەتانی هیچ چالاکییەک نییە وەک ئەوەی لە هێند هەبوو و هیچ ئازادییان پێ نادرێت و چالاکوانی سیاسی و حێزبی سیاسی جۆراوجۆر بەتایبەت سەر بە کورد و دیکەی نەتەوەکانی ئێران ناتوانن چالاکی بنوێنن، پشت بەستن و هیوا بەو ڕێبازە لە دۆخی ئێستا ناتوانێت تەنیا چارەسەر بێت.

**سێیەم،** لە کاری ئەم تاقمەدا دڵسۆزی نەتەوەیی بەرچاو و خۆ تەرخانکردن بۆ هەوڵی بەردەوام نەبینراوە و ئەوەی زیاتر بەدیکراوە بەرژەوەندیی تاکەکەسی بووە. ئاکامی پاش هەڵبژاردنەکانیش هەموو کات ئەوەی پیشان داوە کە قەت لەو هەلومەرجەدا بەرژەوەندیی گەلی کورد ڕەچاو نەکراوە و لە بازنەی تاکەکەسی زیاتر تێپەڕ نەبووە بەجۆرێ کە زۆربەی کات بە پێدانی هەندێ پۆستی سادەی فەرمانگەیی، هەڵسووڕاوە کوردەکانی حکومەت ڕازی بوون و تا کاتی هەڵبژاردنی دواتر بیری چالاکییەکی ئەوتۆیان نەبووە نەکا ئەو پێگەیانە لە دەست بدەن و چێژی ژیانی ئاسایی بێ گێرەوکێشەیان لێوەرگیردرێت.هەرچۆنیک بێت لەوەها دەرەتانێکی سیاسی تەواو داخراودا کە لەلایەکەوە هەلی هیچ چالاکییەکی مەدەنی نییە و کۆمەڵگاش سەرکوت کراوە و ناتوانن لە بەندکراو و چالاکوانانی سیاسی پاڵپشتی بکات، و ڕێپێوانی ئازادیی سەرشەقام، وتەبێژیی و کۆڕ و کۆبوونەوەی ئازاد و ئازادیی ڕادەربڕین، چاپەمەنی، حێزب و ڕێکخراوەکان و... قەدەغەیە، و لەلایەکی تریشەوە، بانگخوازانی دەنگدان زۆربەیان خاوەن کەسایەتییەکی پارێزکارن و ئامادە نین بۆ دانی بچووکترین تێچوو و فیداکاریی، خۆ هەڵواستن بە ڕێبازی خەباتی سیاسی ناتوندوتیژاوی ئەویش تەنیا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، جگە لە پاساوی نەشیاو و کەڵکی نالەبار و خۆ و خەڵک فریودان، شتێکی تر نییە. کەواتە ڕێبازی ناتوندوتیژاوی لانیکەم لە دۆخی ئێستاکەی ئێراندا و بەم تایبەتمەندییانەی ئێستایەوە بەتەنیا ناتوانێت وەڵامدەر بێت و ئەزموونی نزیکەی چوار دەیە حکومەتی کۆماری ئیسلامیش پیشان دەدات کە گۆڕانی سیاسی بە بێ نوێڵێکی گوشار و توندوتیژیی ناوەکی و دەرەکی، هەستەمە و حکومەتی سەرکوت ڕێگری هەر جۆرە گۆڕانێکە بەتایبەت لە ئاڕاستەی مافی کوردا.

> خەباتی سیاسی و ڕکابەرایەتی حیزبی لە هەڵبژاردندا بە واتای خەباتی ناتوندوتیژ نییە و تەنیا دەکرێ بەشێکی بچووکی بێت، ئەویش ئەگەر ئازادیی سیاسی هەبێت و شانۆگەری نەبێت.



# لوڕەکان کێن و لوڕستان لە کوێیە؟

شەریف فەلاح

## پێشەکی:

لوڕەکان وەکوو بەشێکی گەورە لە کومەڵگەی کوردەواری و دانیشتوانی زنجیرە چیای درێژ و پان و بەرینی زاگرۆس، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ژیان و مێژووی نووسراوی شارستانییەتەوە لە داوێنی شاخ و پێدەشت و دۆڵەکانی ئەم جوغرافیایە ژیاون و بە پاراستنی خاک و کولتوور و زمانەکەیان و... هتد، ڕۆڵێکی یەکجار بەرچاویان لە هەموو بوارەکاندا نەتەنیا لە ناوچەکانی دێرینی نیشتەجێبوونی خۆیان، بگرە لە زۆر ڕووداو و پێشهاتی کومەڵایەتی، ڕامیاری، ئابووری، سەربازی، کولتوری و هتد گێڕاوە کە لە نێوان دەوڵەت و نەتەوە دراوسێیەکانی ڕووی داوە.

سەرەڕای ئەو هەموو بە سەرهات و ئاڵوگۆڕانەی کە بە درێژایی چەندێن هەزار ساڵ بە سەر ئەم بەشە لە نەتەوەی کورد هاتووە و هەرچەندە تەنانەت زمان و زاراوەی لوڕی نەهاتووەتە سەر ڕێزمان و کاغەز و دابونەریت و کولتوور و ئەدەب و موسیقا و زاراوە و زمانی لوڕی هێشتا بە شێوازیکی زارەکی ماوەتەوە، بەڵام پێکهاتەی کومەڵگەی لوڕی ئەوەندە کۆن و ڕیشەدار و قایمە، کە تا ئێستاش زۆرینەی تایبەتمەندییە ڕەسەنەکانی خۆی بە باشی پاراستووە و هەوڵدانی نەیارانی نەتەوەی کورد بۆ تواندنەوەی لوڕەکان لەنێو خۆیاندا نەیتوانیوە بگاتە ئەنجام.

### . واتای وشەی "لوڕ":

سەبارەت بە واتای وشەی "لوڕ"، یان "لوێڕ" چەند بیر و بۆچوونی جۆراوجۆر لە ئارادایە، ئەم وشەیە لە هەندێ لە ناوچە لوڕنشینەکان بە ئەو جێگایانە دەگوتریت کە دارستانی چڕوپڕیان هەیە، لەبەر ئەوە هەندێ کەس لەو بڕوایەدان چوونکە زۆرینەی ناوچە لوڕنشینەکان شاخاوی و دارستانین، بۆیە ناوی لوڕ و لوڕستانیان بەسەردا بڕاوە، میر شەرەفخانی بەدلیسی مێژوونووسی بە ناوبانگی کورد کە لە قوناغێك لە سەردەمی سەفەوییەکان لە بارەگای شا تەهماسبی سەفەوی کاروباری ناوچە کورد و لوڕنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی سەفەوییەکانی پێ سپێردرابوو، لە کتێبی شەرەفنامە جگە لەوەی کە لە لوڕەکان وەکو یەکێك لە هۆزە سەرەکییەکانی نەتەوەی کورد نێو دەبات، لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ئەم بەشە لە نەتەوەی کورد بۆیە ناوی لوڕیان بەسەردا بڕاوە کە لە مەڵبەندی "مانڕوود" (ناوچەیەکی باشووری کوردستانی ڕۆژهەڵاتە لە نزیکەی کەنداوی هورموز) گوندێك هەیە بە نێوی کوردە و لە نزیکی ئەو گوندە دەربەندیك هەیە کە بە لوڕی پی دەڵین "کووڵ"، لەنێو ئەم دەربەندەش شوێنێك هەیە کە نێوی "لوڕ"ە و لەبەر ئەوەی ڕەچەڵەکی هۆز و خێڵە لوڕەکان سەرەتا دانیشتووی ئەو شوێنە بوون و ناوی خۆیانیان ناوەتە "لوڕ".

لەلایەکی دیکەوە لە باکووری شاری ئەندیمشك کە ئێستا دەکەوێتە پارێزگای خوزستانی ئێران، شارێکی کۆن و ڕووخاو هەیە بە نێوی "لوور" کە ئاسەواری چەندێن ئێمپراتۆرییەت و دەسەڵات، وەکو، مادەکان، پارتەکان، ساسانییەکان، ئەشکانیەکان و سەرەتاکانی سەردەمی ئێسلامییەت تێیدا دۆزراوتەوە و هەندێ لە مێژوونووسان بڕوایان وایە کە ئەم شارە کەوتووەتە بەر شاڵاو و هێرشی مەغوڵەکان و لەنێو چووە، جا لەبەر ئەوەی ئەم شارە جێگای باو و باپیرانی لوڕەکان بووە ناوی لوڕ و لوڕستانیش لەوێوە دێت.

هەندێ بیر و باوەڕی تریش هەیە کە لەبەر ئەوەی لە ڕاستیدا نزیك نین و هیچ بەڵگەیەك بۆ سەلماندنیان لە ئارادا نییە، ئاماژەیان پێ ناکەین.

### زاراوە و شێوەزاری لوڕەکان:

لەبەر ئەوەی زاراوە و زمانی لوڕی بە شێوەیەکی زانستیانە ئیشی ڕێزمان و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە و تا ئێستاش لوڕەکان بە تایبەتی ئەوانەی کە نیشتەجێی ناوچە لوڕنشینەکانی ئێرانن ڕێزمانێکیان نییە بۆ نووسینی زمانەکەیان، زۆر لایەن وەکوو فارسەکان و تورکە ئازەرییەکان هەوڵیان داوە لوڕەکان و شێوەزاری لوڕی وەکوو بەش یان لقێك لە نەتەوە و زمانەکانی خۆیان لە قەڵەم بدەن، یان بۆ ئەوەی جیاوازی بخەنە نێوان لوڕ و کورد، زاراوەی لوڕییان بە زمانێکی جیاواز لە زمانی کوردی پێناسە کردووە و چەندێن تیۆریی دوور و درێژ و بەڵگەی ساختەشیان بۆ داتاشیوە.

ئەوەی کە شێوەزاری لوڕی بەشێکی جیایی هەڵنەگرە لە باقی شێوە زارەکانی زمانی کوردی، لەلایەن زۆر کەسایەتیی پایەبەرزی زماناناس و لێکولەر و دەیان پسپۆڕ و شارەزا لە بواری زماندا پشتڕاست کراوەتەوە، ئەگەر پسپۆڕانی زماناناس و نەتەوەناس ئەو دەرفەتەیان ببوایە کە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و پراکتیکیيان لەسەر شێوەزارەکانی زمانی کوردی لە هەر چوارپارچەی کوردستان بە گشتی و ناوچە لوڕنشینەکان بە تایبەتی کردبا، سەداسەد هیچ دوودڵییەك نەدەما لەوەی کە نەتەنیا شێوەزاری لوڕی، بەڵکوو دابونەریت و کولتوور و زۆرینەی فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی لوڕ و کورد وەکوو یەکن و مێژوویەکی هاوبەش و دێرینیان هەیە. زۆربەی پسپۆڕانی زمان شێوەزارەکانی زمانی کوردییان بەم شێوەیە پۆلێن کردووە.

### . جوغرافیا و ناوچەکانی نیشتەجێبوونی لوڕەکان:

زۆرینەی ئەو شوێنانەی کە لوڕەکان تێیدا نیشتەجێن کەوتوونەتە باشووری زاگرۆس و بە دوای ئەوە ژمارەیەکی زۆریش لە لوڕەکان دانیشتووی کوردستانی باشوور و وڵاتی عێراقن.

لە وڵاتی ئێران نزیکەی ٦ پارێزگا بەتەواوەتی بە جەماوەر و جوغرافیای سروشتی و ڕامیارییەوە ژینگەی مێژوویی و هاوچەرخی لوڕەکانە کە ئەمانەن:

لوڕستان، یان خۆرماوا (خورەم ئاباد)، چهارمەحاڵ و بەختیاری، کهگیلوویە و بویرئەحمەد، پارێزگای شیراز کە ئێستا بە فارس دەناسرێت، بووشێهر و هورموزیان (هورموزگان).

جگە لەمە لوڕەکان و ناوچە لوڕنشینەکان بەشێك لە پێکهاتەی کومەڵایەتی و جوغرافیایی ئەم پارێزگایانە پێکدێنن واتە پارێزگاکانی: کرماشان، ئیلام، هەمەدان، مەرکەزی (ئەراك)، ئیسفەهان، باشووری کرمان و خووزستان.

لە باشووری کوردستان و وڵاتی عیراق لوڕەکان لەم پارێزگایانە نیشتەجێن: هەولێر، کەرکووك، سلێمانی، دیالە، واست و میسان.

واتە لە شار و شارۆچکەکان و دەشتەکانی وەکوو: چەمچەماڵ، خانەقین، دووزخورماتوو، گوڵاڵە (جەلەولا) دەشتی هەولێر، دەشتی کۆیە، شارەزوور، دەشتی بیتوین، مەنەلی (مەندەلی)، جەسان، ترساق، هەشیمە، زرواتیە، بایرای (بەدرە)، عەلی غەربی، عەلی شەرقی، باغسای، کووت و...هتد.

جیاواز لەمانە ژمارەیەکی زۆر لە لوڕەکان لە دەرەوەی جوغرافیا و ناوچەکانی خۆیان دەژین، بۆ وێنە بەشێکی زۆر لە لوڕەکانی ئێران لە باکووری ئێران لە پارێزگاکانی گیلان و مازەندەران، لە باکووری خۆرهەڵسان (خوراسان)، قەزوین، زەنجان و ناوچەی سایینقەڵای پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دەژین کە زۆرتر لە خێڵەکانی "چگنی"، "پاپی"، "بەیرانوەند"و "چاردۆڵی (چەرداوڵی)ن.



### کولتوور و دابونەریتی لوڕستان:

### مۆسیقا:

مۆسیقای لوڕی، لەگەڵ مۆسیقای "ڕەدیفی دەزگایی"دا پەیوەندییەکی نزیکی هەیە و بەشێکی زۆر لە هەوا لوڕییەکان لەگەڵ ڕیتم و ئاهەنگەکانی دەڤەرەکانی ئیلام و کرماشان نزیکن. بەشێکی زۆر لە مۆسیقای لوڕی بە "کەمانچە" لێدەدرێت کە جۆرێکە لە ئامێری کەمانچەی ناوچەیی کە پیشەی دەستیی خودی لوڕەکانە و ئەم کەمانچەیە تەنانەت کاریگەریی لەسەر مۆسیقای فەرمیی ئێران (ڕەدیف) داناوە. زۆرینەی مۆسیقا و ئاهەنگەکانی لوڕستان لە دەزگای "ماهوور"دا دەگوترێن و زۆربەیان ئامێری کەمانچەیان تێدا بەکار دەهێنرێت. مۆسیقای لوڕستان بە چوار بەشی "ڕێوڕەسم، مۆسیقای کار، مۆسیقای زەماوەن و مۆسیقای بەیت و باو دابش دەبن. گۆرانی و هەڵپەڕکێیە باوەکانی لوڕستان زیاتر حیماسی و میللین.

### جلوبەرگی ژنانی لوڕ:

جلوبەرگ و پۆشاکی ژنانی لوڕ بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی و لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی کەمیی و زۆریی تەمەن، جیاوازە و بەهۆی پێکهاتەی عەشیرەیی و تایفی هەندێ لە هۆز و تایفە و بنەماڵە ناودارەکان جلوبەرگی تایبەت بەخۆیان هەیە و ئەم جیاوازییە لەنێو ژنانیشدا بەرچاوترە.

ژنانی بەتەمەنی لوڕ زیاتر پارچە و کۆتاڵی سادە و سەروێن، شەدە، (گەڵوەنی"ی ڕەش و سپی بەکار دەهێنن کە گەڵوەنی بەپێی ڕەنگ و پێکهاتە و جۆرەکانی جوانییەکی تایبەتی هەیە و پیشەی دەستکردی خودی لوڕەکانە کە پێشینەیەکی زۆری هەیە.

شەرواڵ (پانتۆڵ)ی ژنانی لوڕ، لەڕووی جۆر و ڕەنگەوە لە کۆتاڵێکی دوو بەش و دوو ڕەنگ پێکدێت. هەتا ڕادەیەك لەسەر پەنجەی پێیەوە هەتا سەر ئەژنۆ، پارچەیەکی سپیی نەخشدارە و بەشی سەرووشی بە ڕەنگێکی دیکە و گوڵدار نەخشێنراوە. بەشەکانی دیکەی دەکەوێتە سەر کراسە ژنانەکە کە بە "کوڵەنجە" ناسراوە.

بەشێکی دیکە لە جلوبەرگی ژنانی لوڕ "کەت"ە کە لەژێر "گەڵوەنی"یەوە دەبەسترێ و هەتا نێوشان دەکێشرێت و دوو لۆی دیکەشی بەسەر شانیدا هەتا ناو سینگی درێژەی دەبێت.

ناوی هەندێ لە جلوبەرگ و پۆشاکی هۆز و تایفەکانی لوڕستان بریتین لە: داڵ پلون، کڵاو ڕونگی، کرون، زرمشکی، جۆزۆ، کۆشك، چاڵ پشکەڵی، قووە، کەمەربەند، لینگرەو، چووزەر، هیلوو، گوڵە مانگ و گرزوو.

# زاگرۆس، بەڕوو، پێشمەرگە

شەهرامیرزایی
و: نارین

کاتێک لە ئێمپراتۆری شێعری دونیایان پرسی کە کوردستان کوێیە، زۆر سادە و ساکار وەڵامی دایەوە؛ لەو جێگایەوە کە بەڕوو دەست پێدەکات تا شوێنێک کە بەڕوو کۆتایی پێدێت. چاولێکردنێک بە جۆغرافیای کوردستان لە باکووریترین شوێن هەتاکوو باشووریترین شوێن، ڕاست و دروستیی ئەم قسەیەمان پێ نیشان دەدات و دەیسەلمێنێت. وڵاتی ئێمە، وڵاتی بەڕووە، شوێنێک لەم گۆی زەوییە کە زۆرترین حەشیمەتی کوردانی لە ئامێز گرتووە و شوێنی پێکهاتنی دەسەڵاتی مادەکان و ڕووخاندنی یەکەمین ئێستێعماری جیهانی -ئاشوور- بووە. کوردەکان ئەویینداری زاگرۆسن، بەم بۆنەیەوە لەگەڵ سرووشتی ئەو -کە شادەماری ژیانیان بووە و هەیە- دۆستن و هیچکات نەیانویستووە بەجێی بهێڵن و بەم بۆنەیەشەوە هیچکات دەستیان نەداوەتە خولقاندنی ئایدولۆژییەکی مێتافیزیکی و ئەوەیکە خولقاندوویانە- لە میترا و مەزدەکسیم و یارسان بگرە هەتاکوو هەڵپەڕکێ و مووسیقا و شێوەی ژیانیان- هەموو و هەموو پیشاندەری قبووڵکردنی واقعیەتی تاڵی ژیانە. مێژوویەکی جیاواز لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێی کوردەکان کە تەنانەت داگیرکەری نیشتمانەکەیانیش بەئەژمار دێن. بەڕوو یەکێکی دیکە لە نیشتەجێیەکانی زاگرۆسە کە هەزاران ساڵە لە نالەبارترین دۆخی کوێستانیدا خاشەی لە بەرد ڕۆکردووە و لە ڕکەبەرایەتییەکی بێکۆتایی لەگەڵ سروشتی توورە و لەناوچووندا، دەست و پەنجە نەرم دەکات و ملی بۆ تەسلیم بوون و بەزین ڕانەکێشاوە. ئەمە بووەتە هۆی ئەوە کە بەڕوو ئەفسانەیەکی زیندوو لەناو کورددا بخولقێنێت کە بەشی هەرەزۆری غەریزەکانیانی پێکهێناوە، کە کردەوەی بەکۆمەڵی ئەم خەڵکە کۆنترۆڵ و ڕێنوێنی دەکات. سیمبولەکان لە نێو نەتەوەکاندا ڕۆڵی گرینگ و چارەنووسساز و ناخۆدئاگایان لە ئافراندن، کۆنترۆڵ و ڕێنوێنیی کردەوەی ئەندامانی کۆمەڵگایان لەسەرشانە، کردەوەگەلێک کە لە ڕەوتی زەمەندا بارکۆدی ژێنێتیکی بەخۆیان دەگرن و دەبنە تایبەتمەندیی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگا. بەڕوو بەهۆی زاتی خۆڕاگری و سەرسەخت بوونی لە هەمبەر قاقڕ و مێڵ و بەربەرەکانێی بێکۆتایی لە گەڵ ڕژدیی ژینگە، سەدان ساڵ هۆی سەرسووڕمان و ئەوینی کوردان بووە و هەیە. نیشتەجێ بوونی هەزاران ساڵەی ئەم دووانە لەپێناوی یەکتردا، بەڕووی وەکوو سەمبولی بەرخودان و خۆڕاگریی بێکۆتایی لە مێشکی مرۆڤی کورددا وێنا کردووە. تێزێکی دەروونناسی کە دەشێ بەکردەوە لە ئەدەبیات و هونەری خولقێندراو لە کوردستاندا ببینرێت. گەلی کورد ساڵانێک چاکترین کەرەستە جەنگییەکانیان لە چێوی بەڕوو ساز دەکرد، کەرەستەگەلێک کە بە مەبەستی بەرخۆدان و بەرەنگاری و خەبات لەگەڵ داگیرکەرانی وڵاتەکەیان بەکاردەهاتن، نە بۆ دەستدرێژی و داگیرکردنی وڵات و خاکی خەڵکانی دیکە. هەروەها سەدان ساڵ ژیان لە کوێستانە بێبەزەیی و چڕ و هەڵەمووتەکانی زاگرۆس و لەبەردەست نەبوونی گەنم، کوردانی لەگەڵ بەکارهێنانی بەڕوو بۆ دروستکردنی ئارد ئاشنا کرد، دۆزراوەیەک کە کەڵکوەرگرتن لێی هەتا ئەمڕۆ درێژەی هەیە و ژیانی ئەم خەڵکەی لە نالەبارترین دۆخی ئاو و هەوادا ئاسان کردووە و دۆزراوەیەک کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ ڕۆڵی ژیان بەخشیشی بە تایبەتمەندییەکانی بەڕوو زیاد کرد. سەرەڕای هەمووی ئەمانە، بەڕوو هەمووکاتێک لە خەباتی کورداندا لە پاراستنی نیشتمانەکەیاندا ڕۆڵێکی هەرەبەرچاو و گرینگی هەبووە، خەباتگێڕانی کورد بە کەڵکوەرگرتن لە ژینگەی داپۆشراو بە بەڕوو، بۆ خۆ حەشاردان و هێرشی لەناکاو بۆسەر دوژمن توانیویانە لە زۆربەی کاتەکاندا ببنە هۆی تۆقاندن و بەزین و دۆڕاندنی دوژمن، توانایەک کە ڕۆڵی گیانپارێز و پاڵپشتی بە بەڕوو داوە.چەمکگەلێک وەکوو بەرخۆدان، خەبات و خۆڕاگری، ژیان بەخشی، پاڵپشتی و گیانپارێز بوونی بەڕوو لە ماوەی هەزاران ساڵدا، ئاوێتە و ئاوقای بووە و وەکوو کۆمەڵێک ناوەڕۆک و پێناسەی تێکەڵاو و سەمبولیک لە ناخودئاگای کۆمەڵگای کوردیدا بەجۆرێک جێگای گرتووە، کە بە دیتن یان بیستنی نێوی بەڕوو کومەڵێک تایبەتمەندیی دیاریکراو لە مێشک و بیری مرۆڤی کورددا سەرهەڵدەدەن. تایبەتمەندیگەلێک کە کوردەکان کەسایەتییە شۆڕشگێڕ و قارەمانەکانیان بەو تایبەتمەندییانەوە پێناسە دەکەن. لە ڕاستیدا بەم شێوەیە بیرکردنەوە و وێناکردنەکە بەرگی کردەوەیی وەخۆدەگرێت و خۆی لە دنیای واقیعدا دەردەخات و دێتە گۆڕەپانی سیاسی-کۆمەڵایەتییەوە. گەلی کورد کە بەردەوام خۆیان لە پەنا بەڕوودا پێناسە کردووە، لە وەسفکردنی پێشمەرگەدا لە کۆمەڵێ ئاوەڵناو وەکوو تایبەتمەندی، وەکوو خەباتگێڕ، خۆڕاگر، پشوودرێژ، ژیان بەخش، پەناگە و ...هتد، کەڵک وەردەگرن، لێرەدایە کە بە لەبەرچاوگرتنی دەروونناسی بۆمان دەردەکەوێت کە بەشێوەی ناخودئاگا کورد و سروشت یەکێکن.

### بەڵام بۆچی ئاگر

هەموو پەرچەکردارەکانی مرۆڤ هەڵگری پەیام و مانایەکە، ئێستا ئەگەر بمانەوێ سەبارەت بە کردەوەکانی حکوومەتە تۆتالیتر و داگیرکەرەکان لەهەمبەر وڵاتە داگیرکراوەکان و خەڵکانی ژێردەست و چەوساوە لێکۆڵینەوە بکەین، ناچار بە جۆرێک دێرینەناسیی کردار، واتا و دەسەڵاتین. بە لەبەرچاو گرتنی ئەو بابەتە کە ئاماژەی پێدرا و ئاگایی مێژوویی-کۆمەڵایەتیی ئێرانییەکان لە نەتەوەی کورد، ئاگر تێبەردانی دارستانەکانی زاگرۆس و دەستپێکردنەوەی سیستماتیک و بەرنامەبۆداڕێژراو بۆ لەناوبردنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی دارستانە بەڕووەکان لە لایەن حکوومەتی فاشیستی-ئایینی ئێرانەوە بە ئامانجی کەمڕەنگ کردنەوە و دواجار لەناوبردنی هەستی بەرخۆدان و خەبات و جێگیرکردنی چڕتری دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندگرای ئێرانە. هەروا کە پێشتر باس کرا، بەڕوو لە ناخودئاگای کۆمەڵگای کوردیدا سەمبولی بەرخودان، خۆڕاگری؛ سەرسەختی، ژیان بەخشی؛ پاڵپشتی و گیانپارێز بوونیە و لە ڕاستیدا دەسەڵاتدارانی ئێرانی بە ئاگرتێبەردانی بەڕوو و فەوتاندنی ئەم دارستانانە، لە هەوڵی نەهێشتنی شێوەی ڕاستەقینەی ئەم بیرکردنەوە ئاخودئاگایە تا بەم شێوەیە بتوانن بە شێوازێکی سیستماتیک و حیساب لەسەرکراو بیرکردنەوە و وێناکردنێکی ژێردەستبوون، نەبوونی توانایی ڕزگاربوون و دەستەوەستانی جێگیری بۆچوونە کۆنەکە بکەن. لەڕاستیدا لەم چەند ساڵەی دواییدا زاگرۆس بەمەبەستی لەناوبردنی هەستی خۆڕاگری و قبووڵ نەکردنی ژێردەست بوونی نەتەوەی کورد، کراوەتە ئامانجی ئاگری نەیار و ڕۆژانە گڕی تێبەردەدرێت.

# کۆماری ئیسلامی چۆن هەرێمی کوردستانێکی لە باشوور دەویٚ؟



ئەلبورز ڕوئین تەن

کورد بە گشتی و باشووری کوردستان بە تایبەتی بەردەوام شوێنی سەرنجی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیە. چوونکە کۆماری ئیسلامی لە سەر بنەمای تێزی فیکریی خۆی واتە بەرگری کردن لە دەرەوەی سنوورەکانی، دەست تێوەردان لە بارودۆخی نێوخۆی هەموو وڵاتێک بۆ خۆی بە ڕەوا دەزانێت و کاری بۆ دەکات، بەوەش نەوەستاوە و تەنانەت سوپایەکی تایبەتی تەیاری بۆ تەرخان کردووە. بەڵام پرسیاری ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی چۆن کوردێک بە گشتی و بە تایبەتی چۆن هەرێمی کوردستانێکی دەویٚ زۆر گرینگە.

بە وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە دەتوانین کردەوە و لێکەوتەکانی ئەو سیاسەتە شی بکەینەوە و ئەوکاتە خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان باشتر دەتوانن لە سەر چۆنیەتی پەیوەندی و وەرگرتنی هاوکاریی جۆراوجۆر لە ڕێژیمی ئێران دوو جار بیربکەنەوە. سەرەتا ئەوەیکە لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیدا هەبوونی ناوچەیەکی ئارام لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست جێگەی نابێتەوە، چوونکە هەر ئارامییەک لە ناوچەدا سەرنجی زلهیزەکان و وڵاتانی ناوچە و تەنانەت خەڵکی خودی ئێران بۆ لای سیاسەتە چەوت و دژە مرۆییەکانیان ڕادەکشێت و ئەوکات بە دوای چارەسەری ئەو سیاسەتە چەوتانەدا دەگەڕێن کە بە نەمانی کۆماری ئیسلامی کۆتایی دێت. هەر بۆیەش تاقمی دەسەڵاتدار لە ئێران ئەو چەندەش زۆر بە باشی دەزانیٚ و کار بۆ نەبوونی ئارامی لە ناوچەدا بە گشتی دەکات.

ئەو نائارامییە لە قۆناغی یەکەم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و دواتر لە بازنەیەکدا گەورەتر و گەورەتر دەبێتەوە تا هەموو دونیا دەگرێتەوە، بۆیە دەڵێم هەموو دونیا چوونکە لە ئامریکای باشوور یان ئەفریقاش دەتوانین دەستێوەردان و کاری سیخوڕی لەژێر ناوی هەناردە کردنی شۆڕشی ئیسلامیدا ببینین. لەو نێوەدا کورد بۆ ئێران لە هەموو لایەکی دیکە گرنگیەکی چەندقات زیادتری هەیە، یەکەم هەر چالاکییەکی ئەرێنیی کوردی هەبێت، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بێت کاریگەری لە سەر نزیکەی ١٥ میلیۆن کورد کە لە نێو سنوورەکانی ئێستای ئێراندا دادەنێت. هەر کاریگەرییەک دەتوانێت شۆڕشێک دروست بکات کە چارەنووسی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی بکەوێتە مەترسییەوە. هەر بۆیەش لە قوناغی یەکەمدا کار دەکات بۆ ئەوەی کورد ئەوەندە بەهێز نەبێت کە بتوانیٚ کاریگەری دروست بکات.

ئەگەر سەرەتاییترین بنەمای بەهێز بوون یەکگرتنی کورد بێت، ئەوا بە دروست کردنی گرفت و شەڕ و ناکۆکی لە نێوان لایەنە کوردییەکاندا ئەو یەکگرتنە نامومکین دەکات.

ئەگەر سەیری مێژووش بکەین ئەو خاڵە بە بەردەوامی دەبینین، هەر هاوکارییەکی ڕێژیمی ئێران بۆ هەر لایەنێکی کوردی بووبێت، ئەوا بە مەرجی دژایەتی لایەنێکی دیکەی کورد بووە. ئەگەر ئەوڕۆ هەر ناکۆکییەک لە نێوان کورددا هەبێت، بێگومان شوێن دەستی ئێرانی پێوە دیارە و تەنانەت ئەو دەستەش لە هەندیٚ بابەتدا بە ڕوونی و بە ئاشکرا دیارە. لە هەمووی سەرنج ڕاکێشتر یا بڵێم مەترسیدارتر ئەوەیە کە کاتێک بۆ چارەسەری ئەو ناکۆکیانە داوا لە ئێران دەکرێت ڕۆڵی نێوبژیوان ببینێت و پێش قەدەم بێت، کە ئەنجامەکەی ئەو بارە نەخوازراوەی ئێستای هەرێمی کوردستانی لیٚ دەکەوێتەوە.

کە واتە سیاسەتی ئێران لە لاواز بوونی کورددا ئەوەندە ڕوون و ئاشکرایە کە هەبوونی پەیوەندی بیٚسنووری لایەنێک ئەو پرسیارە دروست دەکات کە ئایا ئەو شی کردنەوەیە چۆن لە لایەن ئەو لایەنە نەکراوە یا بەرژەوەندیی تاکەکەسی و حیزبی ئەوەندە دەهێنیٚ کە سنوور بۆ پەیوەندییەکانی دانەنێت. لە هەمانکاتدا کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتی لاواز کردنی هێزی کورد، بە دوای سڕینەوە یان تا ئەو شوێنەی کە دەکرێت لاواز کردنی هەرێمی کوردستانەوەیە، ئەو چەندەشی بە چەندین شێوە جێبەجیٚ کردووە و تا ڕادەیەکیش لەو سیاسەتەی سەرکەوتوو بووە. دەتوانین بە چەند شێوە لاواز کردنی هەرێمی کوردستان ببینین. سەرەتای دروست بوونی قەیرانی ئێستای کوردستان، دروست کردن و هاوکاریی زۆری ڕاگەیاندنێکە کە گوتنی هەموو شتێک بۆ خۆی بە ڕەوا دەزانیٚ و بە هەموو شێوەیەک بە دوای ناشیرین کردنی ئەو ئەزموونەیە. دواتر بە فەرمان پێدان بە مالیکی بۆ بڕینی مووچەی هەرێم و دروست کردنی ناکۆکی لە نێوان بەغدا و هەولێردا و هەوڵی دروست کردنی کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان، هەنگاوێکی دیکەی ئەو سیاسەتانە بوو.بۆ سەلماندنی ئەو چەندە، تەنیا وەڵامی یەک پرسیار دەتوانیٚ یارمەتیدەر بێت، ئایا ئەو چەندە چۆن بە بیٚ ئێران کراوە کاتێک کە مالیکی و بەغدا تا ئەو ئاستە لە ژێر کاریگەریی ئێراندان؟ بەوەندەش نەوەستا و گۆڕینی ئاراستەی داعش بەرەو هەرێمی کوردستان و تێوەگلانی لەو شەڕە دژوارە. دروست کردنی هێزەکانی دیجلە و دواتر چەند گرووپی چەکداری لە سنووری هەرێمی کوردستان وەکوو حەشدی شەعبی، کە بودجەی نزیکەی ١٥٠ هەزار چەکدار لە لایەن حکوومەتی مەرکەزیەوە بە تەنیا بۆ ئەو هێزە دابین کراوە.

هەمووی ئەوانە و چەندی دیکەش بە ڕوونی تەنیا لە پێناو یەک ئامانجدا کراوە، ئەویش نەهێشتنی هەرێمی باشووری کوردستانە، کە هەنگاو هەنگاو بەرەو جێبەجیٚ کردنی دەڕوات. تەنانەت لەو ڕێگایەدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، ئەو سەرکەوتنانەش لە ژێر سێبەری هەندێک کورددا بووە، ئەگەر هاوکاریی کورد بۆ پیلانگێڕیی ئێران نەبوایە، جێبەجیٚ کردنی زۆر دژوار دەبوو، چوونکە کورد دەتوانیٚ هێزێکی وەک داعش بشکێنێت و خاکە دابڕاوەکانی بۆ خۆی بگێڕێتەوە و سنووری خۆی دیاری بکات. بەڵام ناتوانن بەرگەی ناکۆکیی نێوان خۆیان بگرن. بۆیە هەمیشە ئێران هەرێمی کوردستانێکی لاوازی دەویٚ، ئەوەندە لاواز کە ناکۆکی و شەڕی تێدا دروست بێت، ئەوسا بە هەموو دونیا و کوردەکانی ئێرانیش بڵێت، سەیرکەن ئەگەر ئێوەش ئازاد بن ئەوەتان بە سەر دێت و بۆ ئەو چەندەش کار و تێکۆشان دەکات.

هەر بۆیەش تەیارە کوردییەکان یا هەر لایەنێکی دیکە کە دەیهەویٚ پشت بە ڕێژیمی ئێران و هاوکاری و پشتیوانییەکەی ببەستیٚ، دەبیٚ چەند جار بیر بکاتەوە.

**هەمیشە ئێران هەرێمی کوردستانێکی لاوازی دەویٚ، ئەوەندە لاواز کە ناکۆکی و شەڕی تێدا دروست بێت، ئەوسا بە هەموو دونیا و کوردەکانی ئێرانیش بڵێت، سەیرکەن ئەگەر ئێوەش ئازاد بن ئەوەتان بە سەر دێت و بۆ ئەو چەندەش کار و تێکۆشان دەکات**

## گەورەترین نەخۆشخانەی حەلەب بۆردومان کرا



لە درێژەی بۆردومانە هەواییەکانی ڕووسیە و سووریەدا، گەورەترین نەخۆشخانەی شاری حەلەب بە بۆمبی بەرمیلی خاپوور کرا.هەواڵدەرییە جیهانییەکان بڵاویان کردەوە کە؛ سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٠ی ڕەزبەر، جارێکی دیکە فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕووسیە و سووریە پەلاماری شاری حەلەبیان دا کە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیمی ئەسەددایە. پزیشک و گرووپە یارمەتیدەرەکانی ناسراو بە کڵاو سپییەکان لەمبارەوە ڕایانگەیاندووە؛ تەنیا نەخۆشخانەی ئەم ناوچە کە بە یەکێک لە گەورەترین نەخۆشخانەکانی حەلەبیش دەناسریٚ، بەهۆی بۆردومانەکانی ڕووسیە و سووریە بەتەواوەتی لەنێوچووە.بەپێی دوایین هەواڵەکان لەپاش شکاندنی ئاگربەسی یەک حەوتوویی کە ڕۆژی ١٩ی سێپتامبر کۆتایی پێهات، لانیکەم ٥٠٠ کەس بەهۆی پەلامارەکانی ڕووسیە و سووریەوە کوژراون و زیاتر لە ١٦٠٠ کەسیش بریندار بوون.

دەستەی چاوەدێریی مافی مرۆڤیسووریەش لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای کردووە کە؛ بەهۆی هێرشە هەواییەکانی ڕووسیە بۆ سەر ئۆپۆزسیۆنی سووریە، لە یەک ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ٩٣٠٠ کەس کوژراون و هەزاران کەسیش بریندار و ئاوارە بوون، کە لەنێو ئەم کەسانەدا ٣٨٠٠ کەسیان خەڵکی مەدەنی بوون کە ٩٠٠ کەسیان لە توێژی منداڵانن.

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، فەڕانسە و ئاڵمان وێڕای ڕەخنەگرتن لەم هێرشانە خوازیاری ڕاگرتنی ئەم پەلامارانە بوون؛ هەروەها سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم زنجیرە هێرشانەی بە "جینایەتی شەڕ" ناوزەد کرد.

## ڕێوڕەسمی زەماوەندێک لە حەسەکە تەقێندرایەوە

ڕۆژی سیٚشەممە ١٣ی ڕەزبەر، لە تالارێکی ڕێوڕەسمی بووک گواستنەوە لەسەر ڕێگای نێوان قامیشلۆ و حەسەکە دا، خۆکوژێک خۆی تەقاندەوە و بە دەیان هاوڵاتیی شەهید و بریندار کرد.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە بڵاو بوونەتەوە، کەسی خۆکوژ سەر بە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بووە و بە هۆی تەقینەوەکەوە تا ئێستا ٣٢ هاووڵاتیی کورد کە زۆربەیان ژن و منداڵن گیانیان لەدەست داوە و نیزیک بە ٨٠ کەسیش بریندار بوون.

زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە؛ بە هۆی تەقاندنەوەی ڕێوڕەسمەکەوە ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی یەکیەتی دێموکراتیش گیانی لەدەست داوە و شەهید بووە.

هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە؛ ٤ کەس لە بریندارەکانی تەقینەوەکە بە هۆی گرانیی برینەکانیانەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی شاری دهۆک لە هەرێمی کوردستان کراون.

شایانی باسە کە لە مانگی ئاگۆستی ڕابردووشدا، لە ناوچەی شاهینبەی لە باکووری کوردستان، ڕێوڕەسمێکی زەماوەند کرایە ئامانجی هێرشێکی خۆکوژی و بە هۆی تەقینەوەکەوە ٣٠ هاووڵاتیی کورد گیانیان لەدەست دا و زیاتر لە ١٠٠ کەسی دیکەش بریندار بوون.



# ڕۆستەم جەهانگیری: بە مەسئوولیەتەوە دەڵێم ناکشێینەوە و ناچینە ژێر باری هیچ فشارێکیش

وتووێژ:سەلیم زەنجیری

**لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەواڵێک لە هەندێ میدیای کوردی و تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کراوەتەوە کە گۆیا حیزبی دێموکرات هێزەکانی خۆی لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکشێنێتەوە. ئەم هەواڵە دەنگدانەوەی خێرا و ڕێئاکسیۆنی جۆراوجۆری بەدوادا هات. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم مژارە، وتووێژێکی تایبەتیمان لە گەڵ کاک ڕۆستەم جەهانگیری، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی شووری نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هێناوە کە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین:**

**پ: سەرەتا ئەم هەواڵە چەندە ڕاستە یان لە ڕاستییەوە نزیکە؟**

**و:** ئێمەش هەر وەکوو هەموو خەڵکی دیکە، ئەو هەواڵەمان لە ڕاگەیاندنەکانەوە بیست کە گۆیا حیزبی دێموکرات هێزی خۆی لە سەر سنوور دەکشێنێتەوە. ئەوە بۆ ئێمەش چاوەڕواننەکراو بوو، چوونکە بە شێوەیەکی فەرمی لە لایەن ڕێبەری حیزبی دێموکرات و تەنانەت ئەحزابی دیکەی ڕۆژهەڵاتیش شتێک لەم پێوەندییەدا نەگوتراوە یان بڕیاری لەم چەشنە نەدراوە. من وەکوو خۆم بە چاوی گومانەوە سەیری ئەمە دەکەم، چوونکە یەکەم میدیا کە ئەو هەواڵەی بڵاو کردەوە، ئامادە نیە سەرچاوەی هەواڵەکە باس بکات، بۆیە گومانەکان زیاتر دەبن.

بەڵام ئەوەیکە پێوەندی بە خەباتی ئێمەوە هەیە، خەبات بۆ ئازادی و گەیشتن بە مافەکانی نەتەوەیەکە، کە لێی بێبەش کراون و دەریایەک خوێنی بۆ دراوە، بۆ سەربەستی گەلێکە کە ڕۆژانە ڕۆڵەکانی لە سەر سنوورەکان و لەملاولەولا دەکوژرێن، دەگیرێن و بە توندترین شێوە لە لایەن ڕێژیمەوە سەرکوت دەکرێن. خەباتی ئێمە لە دژی ئەو ڕێژیمەیە و لە ڕاستیدا ئێمە لەگەڵ ڕێژیمێک بەرەوڕووین کە بێجگە لە زمانی خۆی کە شەڕە، لە هیچ زمانێک تێ ناگات. ئێمە ماوەی ٢٠ ساڵ بوو کە خەبات و بەرخودانی چەکداریمان ڕاگرتبوو، و ڕێژیمیش بەردەوام پروپاگەندەی دەکرد کە حیزبی دێموکرات نەماوە، هەڵوەشاوەتەوە، پاسیڤ بووە و ...هتد، بەڵام چی ڕوویداوە هەر ئەو حیزبە کە ڕێژیم و نەیارانمان بەو شێوەیە باسیان لێوە دەکرد، بەم حەرەکەتەی ئەم دواییانە کە ئیعلام و عەمەلیی کردووە و هەوڵی گرێدانی خەباتی شار و شاخ دەدات، کە جارێ لە سەرەتاکانیشی دایە، ئێش و لەرز گەیشتووە بە پایەکانی نیزام و ڕێبەرانی ئاست بەرزی ڕێژیم. پێشتر بە هۆی کەمیی میدیا یان سانسۆری توند، هەواڵی چالاکی و ئۆپەراسیۆنی پێشمەرگە دەنگدانەوەی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام ئێستا ڕەوشەکە گۆڕاوە و ڕێژیم دەترسێت کە حیزبێک کە ڕێبەریی ئەو شۆڕشە دەکات، حیزبێکی جەماوەری و خۆشەویستی خەڵکی کوردستانە و تەنیا بۆ شەڕ کردن ناچێتە نێوخۆ، بەڵکوو داخوازی و خواستێک دەهێنێتە ئارا کە لەنێو هەناوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دێتە دەرەوە و بەربەرەکانێ وحەماسەی پێشمەرگەکانی ئێمە لە دڵی ڕۆژهەڵاتدا لە بەرانبەر هێزی زۆر و پڕچەکی ڕێژیم، لە دونیادا دەنگی داوەتەوە و ڕێژیم نەیتوانی بگات بە ئامانجەکانی. بۆیە ئەو جۆرە هەواڵانە وێڕای ئەوەی کە بە تەواوی ناڕاستن و ڕەتی دەکەمەوە، دووپاتی دەکەینەوە کە کاتێک بڕیارمان دا کە قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانمان لە ڕۆژهەڵات دەست پێ‌بکەین، هەموو لایەنەکانی ئەو خەباتەمان لێک داوەتەوە و دەستمان بۆ هەموو دۆست و ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردیش درێژ کردووە کە هاوکار و یارمەتیدەرمان بن لەم خەباتە دا و چاوەڕوانیمان لە براکانمان لە باشوور هەبووە و هەیە کە لانیکەم ئەگەر هاوکاریمان ناکەن، با ئاستەنگیشمان بۆ دروست نەکەن، چوونکە ئەو خەباتەی ئەمرۆ لە ڕۆژهەڵات دوژمنی وەلەرزە خستووە، دەبێتە پاڵپشتێکی باش بۆ هەرێمی کوردستان و حیزبەکانی، کە چی دیکە ئێزن بە ڕێژیم نەدەن کە گوشار بخاتە سەر هەرێم یان ناوچەکە بکاتە مەیدانی ڕمبازێنی خۆی.

**پ: فەرمووتان کە گومانتان لە بڵاوکردنەوەی ئەو شێوە هەواڵانە هەیە، ئایا پێتان وایە کە ئەوە سیناریۆیەکە بۆ تاقیکردنەوەی ئیرادەی ئێوە لە مەڕ ئەو خەباتە یان شتێکی ترە؟**

**و:** ڕاست وایە، مومکینە گوشار هەبێت و ڕەنگە لە داوڕۆژیشدا ئەو گوشارانە زیاتر بن، بەڵام ڕامانگەیاندووە کە ئەو فشارانە لە لایەن هەر لایەکەوە بێت بۆ ڕاگرتنی ئەو خەبات و بەرخودانەمان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتدا، لە لایەن ئێمەوە بە تەواوی مەردوودە و قبووڵی ناکەین. ڕۆژی یەکەمیش کە ڕێبەریی حیزب بڕیاری لەسەر داوە، لە سەر ئەساسی لێکدانەوە و خوێندنەوەی واقیعی سیاسی ناوچەکە و ئێران بووە و چەندین ساڵە کە هەوڵمان بۆ ئەمە داوە و کۆسپ و ئاستەنگەکانی سەر ڕێی ئەو خەباتەش کە تەنیا لە لایەن باشوورەوە نەبووە، لێکمان داونەتەوە و هەروەها باج و هەزینەی ئەو خەباتەشمان لەبەرچاو گرتووە، بۆیە لە پێناو سەرخستنی ئەو خەباتەدا ئامادەی هەر چەشنە قوربانیدانێک بووین و دەبین. بەڵام گوشاری ئەم جارە، بە بوونی وشیاریی گەلی کورد و ڕای گشتی و ڕاگەیەنەکان، وەکوو جاری جاران کاریگەریی نابێت.

**پ: گوشاری پێشتر چۆن بووە کە ئاوا باسی دەکەیت؟**

**و:** پێشتر هەموو شتێک لە پشت دەرگا داخراوەکاندا و لە نێو ڕێبەراندا بڕیاری لە سەر دەدرا و میدیایەکی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نەبوو، یان لاواز بوون. بەڵام ئێستا ڕاگەیەنە گشتییەکانی کورد لە ڕەوشێکی تردان و گەلی کورد لە هەر چوار پارچە لە مەیدان و تێکۆشاندایە و ئەو دۆخە نالەبارەی ئێستا کە کوردی تێدایە، ئەگەر هی ٢٠ ساڵ لەوە پێش بوایە، بە دڵنیاییەوە شەڕی نێوخۆیی ڕووی دەدا، بەڵام گوشاری ڕای گشتی کورد پاشەکشەی بە زۆر لایەن کردووە کە نموونە زۆرن لەو پێوەندییەدا.

**پ: ئایا هیچ دانیشتنێکتان لە گەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنەکانی باشوور لە سەر ئەو مژارە بووە، یان داوایەکی لەم چەشنە لە ئێوە کراوە؟**

**و:** بەڵێ دانیشتن و گفتوگۆمان لەم پێوەندییەدا لە گەڵ لایەنە سەرەکییەکانی باشووری کوردستان هەبووە و بەردەوامیش دەبین، هەروەها داوای لەم چەشنەش لە ئێمە کراوە، بەڵام وەڵامی ڕێبەریی حیزب ئەوە بووە کە؛ بە هیچ شێوەیەک ئێمە ئامادە نین دەست لەو خەباتە هەڵگرین.

**پ: کەواتە باسی کشانەوەی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە سنوورەکان، شایعە و باسێکی بێ بنەمایە؟**

**و:** کشانەوەمان ئەسل و ئەساسی نیە و لە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا شتی ئاوامان باس نەکردووە و ناچینە ژێر باری هیچ فشارێکیش، و من بە مەسئوولیەتەوە ئەمە ڕەت دەکەمەوە، تەنانەت هیچکام لە لایەنەکانی تری ڕۆژهەڵاتیش بریارێکی وەهایان نەداوە.

**پ: باشە بۆچی هەڵوێستێکی فەرمیتان نەبوو یان ڕاگەیەندراوێکتان لە سەر ئەم هەواڵە بێ‌بنەما بەڵام گرینگەتان دەرنەکرد؟**

**و:** لە بەر ئەوەیکە سەرچاوەکەی ڕوون نەبوو، ئینجا بە هەر مەبەستێک بووبێت و تەنانەت ڕەنگە سەرچاوەکە خودی ڕێژیم بێت و بیەوێت پڕوپاگەندە بڵاو بکاتەوە و شەڕی ڕەوانی بکات، ئێمە لەگەڵ هەواڵنێرانی ئەو میدیایەش قسەمان کردووە و بۆخۆشیان نازانن سەرچاوەکەی کێیە یان نایانەوێت ئاشکرای بکەن، بەڵام بەرپرسایەتییەکەی لە ئەستۆی ئەواندایە. بۆیە بە پێویستمان نەزانی کە وەڵامی فەرمی بدەینەوە و بە لێدوان بۆ میدیاکان ئەو هەواڵەمان ڕەت کردەوە، بەڵام بۆ جارێکی دیکەش گەلی کورد دڵنیا دەکەینەوە کە خەباتمان بەردەوام دەبێت.

**پ: هەندێ کەس و لایەن مانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە سەر سنوورەکان وەکوو هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستانی باشوور دەزانن، ئەگەر هەندێ دوورتر بڕوانین، پێت وایە کە بوونی ئەو هێزانە دەبێتە عاملی هەڕەشە یان فاکتەری سەقامگیری و ئاسایشی باشووری کوردستان؟**

**و:** ئەگەر بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەهێز و سەقامگیر بێت، دەتوانێ ببێتە هاندەر بۆ ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری و نەتەوەکانی دیکە و هەروەها دەتوانێ پێش بە هێژمونیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بگرێت و سەرقاڵی مەسائیلی نێوخۆی ئێرانی بکات و ئێزنی ڕمبازێن لە ناوچەکە و بەتایبەتی لە عێراق و باشووردا بە کۆماری ئیسلامی نادات، خەباتی ئێمە پشتیوانێکی گەورەیە بۆ باشوور و فاکتەرێکە بۆ دابین کردنی سەقامگیری و ئاسایشی باشوور. بۆیە حکوومەتی باشوور نابێ هەمان گوشار کە دەوڵەتانی زاڵ بە سەر کوردستاندا بۆ خەباتگێڕانی پارچەیەکی دەهێنن دووپات بکاتەوە، چوونکە ئێمە یەک نەتەوەین و قازانج و بەرژەوەندیمان بەیەکەوە گرێ دراون. بە کورتی فەلسەفەی خەباتمان ئەوەیە کە ئیتر ئێزن نەدەین کە ڕۆژهەڵات ئیزۆلە بکرێت و گەلەکەمان لەوە زیاتر بچەوسێندرێتەوە. پێشتر ڕۆژئاوای کوردستان لە جوغرافیای سیاسیی کوردستان دەرهاوێژرابوو، لەو دواییانەشدا ڕۆژهەڵات پەراوێز دەخرا کە هەمووی بە پلان و لە ژێر گوشاری کۆماری ئیسلامیدا بوو. بۆیە ئەرکی ڕووناکبیران و شۆڕشگێڕان و هەموو چین و توێژەکانە بە هەماهەنگی لە گەڵ ئەحزابی کوردستان و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات، بە یەکدەنگی لە بەرانبەر ڕێژیمدا ڕاوەستن، ڕاوەستانێک کە بێگومان بە بێ قوربانیدانیش نابێت، هەر ئەو نرخەی کە ئەمساڵ بە خوێنی باشترین ڕۆڵەکانمان درا، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە ئامادەین بۆ هەموو نرخدانێک.

**پ: لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دیتمان کە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە گەڵ شاندێک سەرەدانی بەغدای کرد و بە هەمان شێوە قرارە لە چەند ڕۆژی داهاتووشدا سەردانی ئێران بکات. بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵانە چەندە پێوەندی بەو سەردانەوە هەیە؟**

**و:** پێوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەر وڵات و لایەنێک لە بواری جۆراوجۆردا مافی ڕەوا و مەشروعی خۆیەتی و ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات پشتیوانییان لێ دەکەین، بەڵام ئەوەیکە پێوەندییەکان لە سەر حیسابی پارچەیەکی دیکە دابمەزرێنن، بە شتێکی ناڕەوای دەزانین. بۆیە چاوەڕوانیمان لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و حکوومەت و شاندەکانی دیکە لە سەرەدانیان بۆ ئێران ئەوەیە کە؛ نوێنەرایەتیی گەلی کورد لەو پارچەیەشدا بکەن کاتێ لە گەڵ حاکمانی خۆسەپێنی ئێراندا دادەنیشن، هەر ئەوەی کە زۆرجار لە باکووردا دەبینین لە ئاگربەست و وتووێژەکان بۆ ئاشتی‌دا هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی ئەرێنییان هەبووە، دەتوانن ئەمە لە پارچەکانی دیکەشدا تاقی بکەنەوە. چاوەڕوانیمان هەیە کە ببنە دەنگی حەقبێژی ڕۆژهەڵات و ئێش و ئازاری ڕۆژهەڵات بە حاکمانی ئێران بگەیەنن و ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

**پ: مەسەلەی هەرە ڕۆژەڤ و گەرموگوڕ لە باشووری کوردستاندا، باسی سەربەخۆیی باشووری کوردستانە، ئەگەر هات و لەو دیدارەی هەرێم و ئێراندا، بوونی هێزەکانی حیزبی دێموکرات لە سەر سنوور و ڕاگرتنی چالاکییەکانی حیزب لە نێوخۆدا وەکوو تاکە مەرج بۆ بەفەرمی ناسینی سەربەخۆیی باشووری کوردستان دابندرێت. ئایا ئێوە ئامادەن ئەو کارە بکەن؟**

**و:** ئەوە نەزەری شەخسیی منە و بەو شێوەیە کە حیزبی دێموکراتیش دەناسم، لە سەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئامادەی هەر چەشنە قوربانیدانێکە، ئەگەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامادەبێ سەربەخۆیی باشووری کوردستان بەفەرمی بناسێ و ڕایبگەیەنێ، حیزبی دێموکرات خۆی دەکاتە قوربانی و هێزەکانی لە سەر سنوور دەکشێنێتەوە، بەڵام لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا، دیالۆگ لە سەر مافی گەلی کورد و ئازادی شتێکی بێ‌مانایە و ئێزن نادرێت کە بچووکترین ناڕەزایەتیش بۆ ئەمە دەربڕدرێت و شتی لەو چەشنە بە دژایەتی لەگەڵ ویلایەتی فەقیهـ کە بە قەولی خۆی نوێنەرایەتیی خودا لە سەر زەوی دەکات، دەژمێردرێت هەموو شتێک لەو پێوەندییەداهێڵی سوورە.

**پ: دوایین وتەتان؟**

**و:** جارێکی دیکە ڕادەگەیەنم کە وەکوو ڕێبەریی حیزب، هەموو ڕەهەندێکی ئەو خەباتەمان لێک داوەتەوە و ڕاوێژمان لەگەڵ حیزبەکانی دیکەشدا کردووە و داوامان کردووە، هەر لایەنێک بەپێی توانای خۆی بەشدار بێ لەو خەباتەدا و ئێمەش ئامادەین هەر چەشنە هاوکارییەکیان بکەین. ئەو خەباتە سەرەڕای ئەوەی کە نرخ و شەهیدی زۆری بووە، بەڵام بەردەوام دەبین، چوونکە پشت ئەستوورین بە پشتیوانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد، بە پێشمەرگە ئازاکان و لە مەیداندا دەبین و هیوادارم بە پشتیوانی و هاوکاریی یەکتر هەنگاو بە هەنگاو پاشەکشە بە ڕێژیم بکەین، بۆ ئەوەیکە بیهێنینە سەر ئەو باوەڕە کە ئاڵوگۆڕ بەسەر خۆیدا بێنێت و مافی نەتەوەکانی ئێران و یەک لەوانیش نەتەوەی کورد قبووڵ بکات، یان دەبێت بڕوات.

> **ڕۆستەم جەهانگیری: ئەو خەباتەی ئەمرۆ لە ڕۆژهەڵاتدا دوژمنی وەلەرزە خستووە، دەبێتە پاڵپشتێکی باش بۆ هەرێمی کوردستان و حیزبەکانی، کە چی دیکە ئێزن بە ڕێژم نەدەن گوشار بخاتە سەر هەرێم، یان ناوچەکە بکاتە مەیدانی ڕمبازێنی خۆی.**



# دیدار لەگەڵ شەریف فەلاح، نووسەر و چالاکی فەرهەنگی

## سازدانی: ژووری ڕۆژهەڤ لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تێلێگرام

**بەشی یەکەم**

**- لە کرماشان و ئیلام شوناسی زمانی و فەرهەنگی خەریکە فۆرم و ئاراستەی نەتەوەیی بە خۆیەوە دەگرێت.**

**- زمانی کوردی لەلای ئێران پرسێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو پرسێکی ئەمنیەتی سیاسییە و لەلایان هێڵی سوورە.**

**- کۆماری ئیسلامیی ئێران جەوهەر و ڕەوایی خۆی لە نەبوونی بەرامبەرەکەیدا دەبینێتەوە.**

**لە دوو تەوەری:**

**١- پیلانە فەرهەنگییەکانی ئێران بۆ لەخشتەبردنی زمانی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات**

**٢- پرۆژەی چالاکوانانی فەرهەنگی کورد بۆ پرسی خوێندنی زمانی کوردی لە خوێندنگەکان.**



**ڕۆژهەڤ: پێش ئەوەی باسەکەمان دەست پێبکەین داوا لە شەریف فەلاح دەکەین کە ئەگەر تێبینییەکی هەیە وەک سەرەتا باسی بکەن پاشان دەست بە وتوێژەکە دەکەین؟**

**شەریف فەلاح:** سڵاو و ڕێزی فراوان بۆ بەڕێوەبەرانی ژووری ڕۆژهەڤ وەمەمنوون لەوەی کە دەرفەتێکی واتان ڕەخساند مژاری زمانی کوردی، کە مژارێکی زۆر هەستیار و گرنگە و تەوەرەکان پێکدێن لە پیلانە فەرهەنگییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ لەخشتەبردنی فەرهەنگی کورد و بەتایبەت زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەها تەوەری دووەمیش لەسەر ئەو پرۆژەیە دەبێت کە چەند ساڵێکە چالاکوانانی فەرهەنگی و ئەدەبی و مامۆستایانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەی سەرقاڵن و بۆ جێبەجێ کردنی چلاکی دەکەن.

من پێم وایە زمان یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سەلماندنی بوونی نەتەوە، زمان هەروەک لە پێناسەکەیدا کە پێناسەیەکی جیهانیی هەیە "ڕۆحی نەتەوە"یە، چونکە ئەگەر بێت و زمان لە پێناسەکانی دیکەی نەتەوە داببڕێت، ئەوا هیچ شتێکی بۆ گوتن نامێنێتەوە، یەکێک لە سەرەکیترین جیاوازییەکان کە هەر نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی تر جیا دەکاتەوە زمانە، کۆماری ئیسلامیش چاک لەوە دەزانێت کە زمانی کوردی یەکێک لە جەوهەرەکانی نەتەوەی کوردە، بۆیە هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکارییەوە لە ماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوودا یەکەم سیاسەتی خۆی بۆ لەخشتەبردن و ئاسیمیلەکردن و فەوتاندنی زمانی کوردی داڕشتووە، چونکە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ ئایدۆلۆژیای خۆی و نەتەوەی فارس کە دەسەڵاتێکی خۆسەپێنە بەسەر نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا لە مێشک و ئەندێشە و تێڕوانینی منداڵانی کورددا جێگیر بکات، لەم ڕێگایەشەوە هەموو جەمسەرەکانی کۆمەڵگەی ئێران و بەتایبەت ڕاگەیاندنەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە، هەمووی پاوان کردووە و خستوویەتە ئیختیاری زمانی فارسی.

داڕشتنینی چەمکێک بەناوی (ملت ایران) کە لە پێناسەی کۆمەڵناسیدا هیچ واتایەکی نییە بەناوی میللەتی ئێران، واتە تۆ دەتوانیت بڵێیت (نەتەوەی فارس، نەتەوەی کورد، نەتەوەی ئازەری، نەتەوەی تورک) ناکرێ بڵێی (نەتەوەی ئێران) ناتوانین بڵێین (نەتەوەی عێراق) ئەمە شتێکی داڕێژراوی بیر و ئەندێشەی سەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و تەنیا لەلای ئەوان واتای هەیە، دەنا هیچ شوێنیکی دیکە پێناسەی لەم چەشنە نییە.

**ڕۆژهەڤ: زمان یەکێک لە ئەندامە زۆر گرنگەکانی ژیان، تێڕوانین، ڕوانگە و هەڵسوکەوتەکانی هەر مرۆڤێکە کە یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی تایبەتمەندیی نەتەوەیە، بەدەگمەن کەسێک هەیە، کە بڵێت لە ژیانی ڕۆژانەیەدا لە قسەکردن بە زمانی زگماکی تام و چێژ وەرناگرێ و هەست بەخۆشی و بوونی مرۆڤانەی خۆی ناکات.**

**زمان دەسمایەی فەرهەنگییە، کاتێک باسی پاراستن، پەرەپێدان و بەهێزکردنی دابونەریتی کۆمەڵگەیەک دەکرێت، ئەوە زمانە، کە ڕابردوو و ئێستای ئەو کۆمەڵگەیە بەیەکەوە گرێ دەدات.**

**کەسێک، کە تاکوو تەمەنی شەش ساڵان، بە زمانی زگماکی قسەی کردووە و دواتر لە خوێندنگەدا ناچار دەکرێ بە زمانێکی دیکە قسە بکات، بە جۆرێک ئەوە هێرشێکی نارەوایە و دژایەتیی تەواوی هەیە لەگەڵ پرەنسیپە مرۆڤایەتییەکان، لەم سۆنگەیەوە زمان چۆن چۆنی دەخەنەڕوو وەک مافێکی سروشتی تاکەکان، هەروەها پەیوەندیی زمان و نەتەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**شەریف فەلاح:** بەڕێزان ئەمە پرسیارێکی زۆر باسهەڵگرە و دەڕواتە چوارچێوە و خانەی پەروەردەوە، پەروەردە بە واتا مەدەنییەکەی، واتە لە چوارچێوەی سیستمی وڵاتێکدا کە دەبێت هەر نەتەوەیەک، هەر گەل و ئیتنیکێک لەسەر بنەمای مافی ڕەوا و سروشتیی خۆی بە زمانی خۆی بخوێنێت، کە دەبێ خوێندن بە زمانی دایکی و خوێندن بە زمانی کوردی لێک جیا بکەینەوە، خوێندن بە زمانی دایکی ئەو چوارچێوە سیستەمە پەروەردەییە کە دەبێ هەر منداڵێک بە شێوەی خۆڕسک و ئاسایی کە لەدایک دەبێت و دەگاتە قۆناغی پێڕەوکە، واتە لە قۆناغی چوونە ڕەوزە و دایەنگە (مهد کودک)ەوە دەبێ بە زمانی دایکیی خۆی هەموو قۆناغەکانی پەروەردەی پێ فێر بکرێت، بەڵام لە چوارچێوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، چونکە دەسەڵاتێکی خۆسەپێن و خۆزاڵکەرە و دەیەوێ هەموو ئایدۆلۆژیا و سیاسەتی خۆی لە ڕێگای زمانی فارسییەوە بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا بسەپێنێ و بوونیان بسڕێتەوە.

منداڵ کاتێک هەتاکوو ٦ ساڵی لەنێو بنەماڵەدا بە زمانی دایکی و ڕەسەنی دایک و باوک و نەتەوەکەی خۆی دەدوێت و مامەڵە دەکات، بەڵام کە دەگاتە کاتی دایەنگە و قوتابخانە ڕووبەڕووی پەروەردەیەک و زمانێکی جیاوز لە زمانی دایکی دەبێتەوە و ئەوەش زەربەیەکی گەورەی ڕۆحی و فکرییە کە لە منداڵ دەدرێت، هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی چوونە قوتابخانەیەوە دەبێتە یەکێک لە مۆتەکە و پرسیارەکانی ژیانی پەروەردەی منداڵ.

بۆیە ئێمە دەبینن کاتێک منداڵی نەتەوەیەکی غەیری فارس دەڕواتە قوتابخانە، لە یەکەم ساڵدا ڕووبەڕووی دڵەڕاوکێ و شڵەژان و جۆرێک لە ترس و دوودڵیی سەرتاپاگیر دەبن، ئەوەش هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەو زەربە فکرییە کە پرسیارێکی گەورە لە مێشکیدا دروست دەبێت کە ئاخۆ ئەوە چ زمانێکە، کە من لە ماڵەوە بە زمانی دایک و باوکم قسەم دەکەم و ئەو مەکۆیەی کە ناوی دەنێنە ماڵی دووەمی منداڵ چییە لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبم، بۆیە یەکەم قۆناغی پەروەردەی منداڵ زەربەی ڕۆحی دەخوات، ئەمە بێگومان لە پەروەردە و لە شێوازی فکر و لە ئەندێشە و تێڕوانین و دروستبوونی کەسایەتیی تاکدا کاریگەری دادەنێت و لە داهاتوودا هۆکارەکانی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی منداڵ بێگومان لە سیستەمی پەروەردە و لە سەقەت بوونی منداڵ و بارنەهێنانی منداڵ بە زمانی دایکی خۆی کە مافێکی سەرەتایی هەموو کەسێکە، دەبێتە ئەم پەروەردە سەرەتاییە کە جیاوازە لە فەرهەنگی نەتەوەیی.من پێم وایە زمان یەکیک لەو فاکتەرانەیە کەلە پێکهاتە دروستکردنی کەسایەتیی تاک و کەسایەتی کۆمەڵایەتی تاکیشدا کاریگەریی ئێگجار زۆری هەیە، بۆیە تۆ ئەگەر بە زمانی دایکی خۆت بخوێنی و قسە بکەیت، بە زمانی دایکی خۆت کاتێک لە لانکەدا ڕاتدەژێنن گرۆگاڵی دایک چەندە کاریگەریی لەسەر پێشکەوتن و بارهێنان و فکرکردنەوەی کەسایەتیتدا هەیە، هێندەش لە دروستکردنی شعوور و هەستی نەتەوەییدا دەوری هەیە، بۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران ترسێکی یەکجار زۆری هەیە لەوەی کە نەتەوەکانی غەیر لە فارس بە زمانی دایکیی خۆیان بار بهێنرێن، دەبینین لە ئێراندا ساڵانە بە هەزاران سەعات لە هەموو ڕاگەیاندنەکانییەوە بەرنامەی پەروەردەیی بۆ منداڵان بەرە دەمدەهێنرێت بێ ئەوەی یەک سەعات و یەک خولەکی بە زمانی غەیرە فارسی و بۆ منداڵانی غەیر لە فارس بێت، ئەوە چ واتایەکی هەیە؟ ئەوە واتای ئەوەیە کە دەبێ هەموو منداڵانی نەتەوەکانی غەیر لە فارس بێن ئایدۆلۆژیای فارس ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی فێر بن و نەتەوەکانی دیکە مەحکوومن بەوەی کە دەبێ زمانی فارسی فێر بن، چونکە ئێران دەیەوێ زمانی فارسی وەکوو خوای سەر زەمینی ئێران پێناسە بکات و دەیەوێ بە زرۆەملێ بیسەپێنێ بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا، بۆیە پێم وایە ئیران هەتاکوو ئێستا بەڕای خۆی سەرکەوتوو بووە، چونکە هەموو جەمسەرەکانی کۆمەڵگەی لە ئیختیار دایە بۆ پەروەردە و بارهێنانی منداڵان.

# پاییزی ئەمساڵ، لە پاییزەکانی تر ناچێ !

فەرەیدوون ئەرشەدی

پاییز،
ئەی پاییزی خوەشبەخت!
هەنگوورەکانی ئەمساڵت چ خۆشتامن !
بە ئارەقەی نێوچاوانی شەنگەسواران
ئاو دراون.
شەوقی گۆنای هەنارەکانی ئەم
وەرزەت
لە ساڵانی پێشوو ناچێ،
ڕەنگی ڕێگای "لیباس خاکی"یەکانی
پێوە دیارە.
گەڵای درەختی باخانت
وەکوو ساڵانی ڕابردوو
ڕەنگ زەرد و بابردەڵە نین،
لە تەک باڵی بازەکان دا
هەڵدەفڕن.



نا بۆ تانکەری مەرگ

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No:686 ▪ 6 oct 2016

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


